# پێڕست


سەروتار ٣
خۆکوژی نارەزایەتیی یان بێ دەسەڵاتی؟ ٤
چەمکەکانی ماف و مافەکانی ژنان لە زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیید ٨
زمانی زگماکی ١٠
دیموکراسی و خولک بۆ بەرێوەبەری بەرپرسانە ١١
سەردەمی پاش حەقیقەی ١٣
بارودۆخی ژنانی بێ سەرپەرەست وبێ پشتیوان لە کۆمەڵگای ئێراندا ١٧
گەشەکردنی زمان لای منداڵ-پێناسەی زمان ٢٠
حقوق ژنان درایران تحت استیلای جمهوری اسلامی(فارسی) ٢١
ژن ژیان دەنوسێتەوە- گۆشەیەک لە ژنانی ناو ریزەکانی یەکیەتیی ژنان ٢٦
شێعر ٢٩
بەشێک لە کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ٣١


## دەستەی بەڕێوەبەریی بەشی ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان


ژمارە ٤٩ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com
009647518770093



دیزاینی گۆڤار، بە هاوکاریی:
موژگان عەلیپوور
تەزرین خورشیدی

بەرگ:
ئەیوب شەهابیڕاد

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
# بەبۆنەی کۆچی‌دوایی نەمر کاک جەلیل گادانی


لە کاتێکدا ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، بەرەوپیلی پیرۆز کردنی یووبیلی ئەڵماس و ٧٥ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەچووین، بەداخەوە هەواڵی ناخەژێنی کۆچی‌دوایی سیمای ناسراوی کورد و تێکۆشەری دێرینی دێموکرات، هەموومانی ماتەمبار کرد.

زۆر بەداخەوە ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی گەلاوێژی ٩٩ی هەتاوی، کەسایەتیی سیاسی ناودار و تێکۆشەری ماندوویی‌نەناس و نیشتمانپەروەری دێموکرات، بەهۆی نەخۆشی، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کرد.

کاک جەلیل گادانی، خەباتگێڕێکی بەورە و کەسایەتییەکی ڕاستگۆ و هێمای بەرزی کۆڵنەدان و خۆڕاگری بوو و زیاتر لە حەوت دەیە بوو لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد، لە خەبات و تێکۆشانی بێوچاندا بوو.

نەمر کاک جەلیل جیا لەوەی سیاسەتڤان و شۆڕشگێڕێکی نەسرەوتوو و پشوودرێژ بوو، لە هەمان کاتیشدا کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی، خەڵکی و خاکەڕا بوو، هەربۆیە لەدەستچوونی ئەو بەرزەمرۆڤە بۆ هەموو لایەک جێگای داخ و پەژارەیە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وێڕای دەربڕینی پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز گادانی و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڵێن دەدا کە پشوودرێژتر لە پێشوو بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی نەمر کاک جەلیل گادانی و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان، تێدەکۆشێ.




هیواخوازین کە ڕوحی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شاد بێ

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان
١٧ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی

سەروتار

# لە یادی ٧٥ی ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

یوبیلی ئەڵماس
حیزبی دێموکراتی کوردستان
قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی

٢٥ی گەلاوێژی ئەوساڵ یادی ٧٥ی ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆنەیەکی مێژوویی دەکەینەوە کە بووە هۆی پێکهاتنی یەکەم قەوارەی سیاسی مودێرن لە هەموو کوردستان و تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت دەسکەوتە سیاسی و مێژووییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە سەر بنەمای روانینی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی کورد، درێژە بە چالاکی خۆیان دەدەن.

حیزبی دێموکرات سەرەڕای ئەوەی لە فەزایەکی داخراو و کۆمەڵگەیەکی نەریتی دامەزرا، بەڵام توانی زۆر باش کەڵک لە هەموو هێزەکانی ناو کۆمەڵگا بە ژن و پیاو وگەنج و پیرەوە وەربگرێ.

دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە سەر بنچینەی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەو تێڕوانینە وەک بەشیک لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات و پێشەوا و دەوڵەت بۆ دابین کردنی یەکسانی و بەشداری ژنان لە سیاسەت و کۆمەڵگا ڕەنگی داوەتەوە و لە ماوەیەکی کەم دوای دامەزاندی کۆماری کورستان ،بە دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دەسکەوتێک و شانازییەکی دیکەی تۆمارکرد وتوانی بە کردەوە ژنان بێنێتە مەیدانی کاری سیاسیی وکۆمەڵایەتیی و بەم شێوەیە شوناسێکی تازەی بە داخوازی و خەباتی ژنان بەخشی.

دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی یەکەمین دەسەڵاتی مودێرنی کوردی بە دەستپێشخەری پێشەوا قازی محەمەد ونهادینە بوونی ئەو خەباتە وەک بەشێکی دانەبڕاوی خەباتی حیزبی دێموکرات هاوتەریبی خەبات بۆ سەربەستی نیشتمان و بە دەست هێنانی مافی نەتەوەیی و یەکسانیخوازی پاش ٧٥ ساڵ هەروا بێ پسانەوە بەردەوامە و لە ماوەیەدا ژنانێکی زۆر ئەرکی بەرەوپێشچوونی ئەو خەباتە دژوار و پڕ تەنگ و چەڵەمەیەیان لەسەر شان بووە و وێڕای خەباتی نەتەوەیی ئاڵاهەڵگری یەکسانیخوازیش بوون.

نزیک دو سەدە بەسەرخەباتی ژنان بۆوەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی تێدەپەرێ بەردەوام گۆڕانکاری زۆربە سەر جوڵانەوە یەکسانی خوازیدا هاتووە بەڵام ئێستاش لە زۆربەی کۆمەڵگاکان یەکسانی تەواو دەستەبەر نەبووە و خەبات بۆ بەدیهێنانی بەردەوامە. خەباتی ژنان لە کوردستان وەک بەشێک لە کۆمەڵگای دیکەی دنیا بەدەر نیە لەو ڕەوتە و ژنانی کورد لە قوناغە جیاجیاکاندا بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان هەوڵیان داوە دەنگی خۆیان هاوتەریبی مرۆڤایەتی بەرز کردۆتەوە.

لەماوەی زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و زوڵمەی لە ئێران دژ بەژنان دەکرێت، بەڵام ژنان لە ئێران و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەنگەرە جیاوازەکانی خەبات دا هەروا دیارن.

ئەگەرچی بە پەراوێز خستنی کوردستان لە هەموو بوارەکان دا لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، خەباتی ژنی کوردیان تووشی دژواری زیاتر کردوە، بەڵام ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان وێڕای پیاوان خزمەت بە نیشتمانی خۆیان بکەن کە ئەوەش سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە ژنان نە تەنیا لەو دەسەڵاتە سڵ ناکەنەوە بەڵکوو لە هەموو دەرفەکان کەڵک وەردەگرن تا بەرەنگاری ببنەوە و لەو پێناوەشدا باجی قورسیان بۆداوە،وەک نمونەی زارا محەممەدی مامۆستای زمانی کوردی کە بەبێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ تەنها «بەهۆی گوتنەوەی زمانی دایکی»حوکمی ١٠ساڵ زیندانی بەسەرداسەپاوە.

ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەوڵیان ئەوە بێ کە دەنگی خۆتان بخەنە پاڵ بزوتنەوەی سەرتاسەری چون دەتوانێ زۆر ئاڵوگۆڕی نیسبەت بە کێشەی ژن لە ئێراندا بە دواوە بێ لەوانەیە ئەو بزووتنەوە سەرتاسەریە دروست نەبووبێ بەڵام رۆڵ و کاریگەریی ژنی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو بوارەدا دیارە و ئەگەر لە داهاتوودا بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری ڕێکخراو، دروست بێ ژنی کورد پێشەنگی ئەو بزووتنەوەیە و لەو بوارەشدا بە رۆڵی بەرچاوی خۆی نیشانی داوە.



حەسەن حاتەمی

# خۆکوژی

## نارەزایەتییە یا بێ دەسەڵاتییە؟

خۆ کوژی بەداخەوە دیارەیەکی جیهانی‌یە و تەنیا پێوەندی بە کوردستان و ئێرانەوە نییە. بەڵام لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم دیاردە دڵتەزێنە، ریشەیەکی قووڵ و زۆر دوور ماوەی هەیە. ئەو دیارە فرە ناخۆشە، لە ماوەی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دا، کە پتر لە ٤٠ ساڵە بوونی هەیە، زۆر بەرفراوانتر بوە، ئەوە لایەکە. هەڵسوکەوتی بیری سوننەتی و پڕلە دەمارگرژیی و ناکۆکیی و ناعەداڵەتی و جیاوازیی لە کۆمەڵگەی کوردستان لە لایەکی دیکەیە. نەبوونی پەروەدەی گونجاو و بێ بڕوایی زۆربەی مرۆڤە خۆکوژەکان، بە خۆیان و ئاڵوگۆڕەکانی بەردەوام و دوورماوەی ئەرێنی (موسبەت) ژیان ولاوازی وەزەی نەرێنی (مەنفی) لە کردەویان دا، بەداخەوە سێ گۆشەی خولقێنەری ئەو دیارە سامناکەن.

کاتێک کۆمەڵگەیەک تاڕادەیەکی رێژەیی باش دەتوانێ ئارامیی، گەشە و بڕوای پتری تێدا بۆ بەردەوامی ژیان و بەرەوپێشچوون تێدابێ، کە دوو مەسەلەی زۆر گرینگ تێدا رەچاو کرێن. یەکەم، یاسایەکی ئینسانی کە تا رادەیەکی زۆر هاوسەنگ و یەکسان لە ئارا دابێ، و دوویەم، فەرهەنگی ئیجرایی یاسایی لە لایەن دەسەڵاتی بەرپرس و گەل ببن بە رەوشی ژیان لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەکە دا.

لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم حەتوویە دا، کرێکارێکی نەوتی بە ناوی "عمران روشنی مقدم" لە ناوچەی هوێزە، لە شوێنی کارەکەی خۆی هەڵداوەسێ، لەبەر ئەوەی ژیانێکی زۆر ناخۆش و هەژارانەی هەبوو و بە بوونی گرانی، ئاوسان (تەوەڕووم)ی بەردەوام و کەمی حەقدەستەکان و زۆر کێشەی دیکە و داخوازی ٥٠٠ هەزار تمەن یارمەتی – هەتا وەرگرتنی مووچەی مانگانەی- بۆ خەرجی ژن و دوو منداڵەکەی، قبووڵ ناکرێ، و بەداخەوە لەسەر کارەکەی خۆی هەڵداوەسێ. ژنێک و دوو منداڵی دیکە بێ سەرپەرست و بێ نان هێنەری ماڵ، بە هەزارانی لەو جۆرە زیدە دەبن. ئەو جۆرە خۆکوژییە دڵتەزێنە، هەم نارەزایەتییە، بە سیستێمی دەسەڵاتدار و هەم بێ دەسەڵاتییە لە ئاست زوڵم و زۆری کارفەرما و یاساگەلیی دژی کرێکاران و ژیان و گوزرانی کۆڵەمەرگی لە ژێر هێڵی هەژاری دا، لە ناوچەیەکی کە پڕ لە کاناگەی نەوت و گازە!!!؟؟؟

– سایت، ایران پرس نیوز یکشنبە ٢٥ خرداد ١٣٩٩ (١٤ جوون ٢٠٢٠)-

خانمی شیرینی عیبادی، یاسا زان و خاوەنی خەلاتی ئاشتیی جیهانی نۆبێل و چالاکیی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە وتارێک دا، سەبارەت بە خۆکوژییە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم دواییە، دەنووسێ: یەکێک لە هۆیەکانی خۆکوژییە زنجیرەییەکانی ئێستا بەشێکی زۆری بە هۆی نەداری و هەژارییە. هەواڵی نوێ ئەوەیە کە لە ساڵی رابردوودا، ٩١٩ کەس تەنیا بە خواردنی حەبی برینج خۆیان کوشتوە، کە بە براوەرد لەگەڵ ساڵی پێشتری دا، ٤./١١٪ زیادی کردەوە.

پێشتر دیاردەی نێو زبڵ گەڕانمان دەبیست. بەڵام ئەم رۆژانە زۆر بوونی زبڵ خواردن دەبیسین. لەو ٤٠ ساڵەی دوای شۆڕش، ئاڵوگۆڕە یەک لەدوای یەکەکان روویان دا. خەڵکی هەژار هەژارتر بوون. کەسانێکی کە لەنێو زبڵی دا، پێشتر ئاسن و شووشە و پلاستیکیان جیا دەکردەوە، ئێستا روویان لە جیاکردنەوەی نان و بەرماوی خواردنەکانییش کردوە.

ئەو خۆکوژییانەی لە ئێران رووی دەدەن، دوو هۆی سەرەکیان هەیە. یەکەم، ئەوەیە کە، خەڵک بە خێرایی بەرەو جۆرێک لە هەژاری دەچن کە بۆ ئەو جۆرە هەژارییە ئامادە نیین. لە نەکاو هەلومەرج دەگۆڕێ و لە ماوەیەکی کەم دا، ژیانی باش بەرەو مام ناوەندی و خراپ و خراپتردەچن. دوویەم، بێ ئومێدییە. گەلان ئومێدیان بە ئاڵوگۆڕ (تغییر) بۆ باشتربوونی وەزعەکە نییە.

– سایت خبرنامەی گویا، شیرین عبادی "خودکشی نتیجەی ناامیدی از تغییر است". ١٦ ی جون ٢٠٢٠

لە ئامارەکانی رووداوە ناخۆشەکانی رۆژانە، حەوتوانە، مانگانە و ساڵانە دا، کەم واهەیە لە خۆکوژی بەشێوەی جۆراوجۆردا، ژنان و کچان، مێر منداڵان، لاوان و پیاوانی کوردی تێدا نەبێ. لە بەشێکی کامێنتێک سەبارەت بە خۆکوژییەکانی ئەوم



دواییە دا، نووسراوە: کاتێک پەرەپێدانی بێئاکام بە دەمارگرژیی مەزهەبی و تەبلیغیاتی فەرهەنگیی قین لە دڵی و توڵە لە گومەڵگە دا، پەرەی پێدرا و عەداڵت نەبوو و جیاوازیی و هەڵاواردن (تبعیض) زۆر بوو، دەبنە هۆی داماوی ئەو کۆمەڵگەیە. چوونکە بەشداران لە ناڕەزایەتییەکان، بە ئاکامێک ناگەن، کەسانێک تووشی خەمۆکی دەبن و هەوڵی خۆکوژی دەدەن. بەداخەوە لە کوردستان دمارگرژیی ناموسی و چەند ژنی یەکێک لە هۆیەکانی خۆ کوژی ژنانن.

– سایت ایران پرس نیوز، ٢٥ خرداد ٩٩ (١٤ جون ٢٠٢٠)–

هەروەها، وتارێک لە ژێر ناوی : " گۆڕانی خۆکوژییەکان بۆ ناڕەزایەتیی دژی دەسەڵات؟" دا، لە زمانی کۆمەڵناس، محەممەد ڕەزا مەحبووبفەڕ، لە مەتڵەبێکی ڕۆژنامەی "جهان ضنعت" دا، نووسراوە: ئاماری خۆکوژییەکان لە ئیران هەتا ئێستا بە بەرئاوەرد لەگەڵ ساڵی ١٣٩٨دا، لە گەڵ زیادبوونی ٢٣٪ ی بەرەروویە کە پێناسە و نێوەرۆکیان مەترسیدارتر بوون؛ و لە ماوەی ١٠ ڕۆژ دا، بە بەردوامی و بە شێوەی زنجیرەیی و بەدوای یەک (سریالی) لە ناوچەکانی ئێران دا، دەبینرێن.

ئەو کۆمەڵناسە هوشداریی بە کاربەدەستانی نیزام دەدا، کە : ئەو خۆکوژیانە بە زوویی دەتوانن وەک ناڕەزایەتییەکانی ٩٦ و ٩٨ یان لێبێ و لە سەرانسەری وڵات دا، بەربڵاوتر بن، و بۆ پتر بوونی توندوتیژیەکان (خشونتها) بگوازرێنەوە.

ڕۆژنامەی "آرمان" لە مەتڵەبێکی دا، ئاماژەی بە قەیرانی دوای کۆڕۆنا (پسا کرونا) کردەوە و وەرزێکی نوێی داخوازییەکانی خەڵکی هێناوەتە گۆڕێ و نووسیویەتی: هەلومەرجی وڵات زۆر هەستیارو تایبەتە. بێشک ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ئەو سەردەمە، ئێمەش دەگرێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە، کاتمان زۆرکەمە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو وتارەدا نووسراوە" چەند ساڵ لەوەپێش لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ١٠٠ (سەد) ژن کە خۆیان سووتاندبوو لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ئەهواز کرا. ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٣٩٢ ی هەتاوی دا، لە "فصلنامەی علمی پژوهشی زنان و فرهنگ" بڵاو بۆوە. حەڤدە (١٧) هۆ بۆ هۆیەکانی خۆسووتاندن نەخشی گرینگیان هەبوو یا لە پەراوێزی ئەوان دادەنران. هۆ گەلی وەک: بەشوودانی بەزووری، کێشەی بنەماڵەیی، بێکاری پیاوەکە، جیاواز بوون، کێشە لەگەڵ پیاوەکە، گیروگرفتی ئابووری و منداڵ نەبوون. بەڵام زۆرترین بەشی ئامارەکە یانی ٣٨٪ ژنەکان ئامادە نەبوون هۆیەکانی خۆ سووتاندنی خۆیان باس بکەن. کێشەی بنەماڵەیی ٢٠٪ بوو.

لە مێژووی خۆسوتاندنەکان دا، کە توورەترین و دڵتەزیین شێوەی خۆکوژییە. پتر لایەنی ناڕەزایەتیی بەهێزترە. ژمارەیەک لە خۆسوتێنەران بە خەبات و بەربەرەکانی بە دژی زوڵم و زۆریی و سەرەڕۆییش چاوی لێدەکەن و تا ڕادەیەکی زۆر خۆویستانە (داوتەڵەبان) ئەو کارە ئەنجام دەدەن. لە شەقامە قەرەباڵغەکان، لە بەردەرگای

دادگاکان یا نزیک لە پارڵمانەکان، یا نزیک دەفتەریی هەواڵدەرییەکان، لە مەیدانی ناوەندیی شارەکان، ژمارەیەک لە خۆسوتانەکان، ئەنجام دراون. ئەو خۆ سوتاندنانە کەم و زۆر رەنگدانەوەی جیاوازیان لەنێو کۆمەڵگەکەیان دا، هەبووە.

بۆ وێنە: هوما دارابی، دوکتوری پسپۆڕی منداڵان و دەروون دەرمانیی لەدایکبوویی تاران، لە ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی لەبەر نارازی بوون لە رووپۆوشی زۆرەملێ (حجاب اجباری) لە مەیدانی تەجریشی تاران لە تەمەنی ٥٤ ساڵی دا، بەداخەوە خۆی سوتاند و ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو ئەندامی حیزبی میللەتی ئێران و هاوحیزبی داریووشی فرووهەر و پەروانە ئەسکەندەری (فرووهەر) بوو.

سەحەری خودایاریی، لیسانسی وەرگێڕی ئینگلیسی و موهەندیسی کامپیوتێر، لەدایکبوویی "درسلم چهارمحال و بختیاری" تەمەن ٢٩ ساڵە، لایەنگرانی تیمی فوتباڵ (تۆپی پێ)ی ئیستقلال بوو. لەبە چوونی بۆ یاریگە (ستادیۆم) ی وەرزیشی و چاولێکردنی کێبەرکێ، گیرا و زیندانی کرا. دواتریش حوکمی نارەوایان بۆ بریەوە. سەحەر بە نارەزایەتیی لەو کردەوە هەڵە و دژە ژن و جیاوازی دانانیان لەگەڵ پیاوان، تەنانەت بۆ چاولێکردنی کێبەرکیەکانی وەرزیشی بەداخەوە خۆیی سووتاند و لە ١٨ ی خەرمانانی ١٣٩٨دا، گیانی دا. مەرگی ئەو کچە کە بە "دختر آبی" (کچە شینە) ناوبانگی دەرکرد. ئەو کردەوە دڵتەزێنەی کچە شینە، دژکردەوەی زۆری لەنێو، فوتبالێست و باشگاکانی جیهان و ئێران، هونەرمەندانی سینەما، شانۆکاران و موسیقی زانان، بە دژی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە.

یۆنسی عەساکێر، عەربی خوزستانی و دانشتووی خورڕمشار لە رەشەممەی ١٣٩٣ دا، بەهۆی دەست بەرسەرداگرتنی سندوقی میوە فرۆشییەکەی، لە بەرانبەر بینای شارەداری ئەو شارە، خۆی سوتان و بەداخەوە گیانی لەدەست دا.

زەکییە ئەڵکان خوێندکاری ساڵی شەشەمی پزیشکی کچە کوردێک لە باکووری کوردستان، بەهۆی قەدەغەبوونی رێورەسمی نەورۆزی لە تورکیە، لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧١ ی هەتاوی لە ئامەد (دیاربەکر) ئاگری نەررۆزی بە جەستەی خۆی کردەوە کە بەداخەوە گیانی فیدای رەوتی خەباتی ئازادیخوازی و ئازادبوونی دواتری، نەرۆزی کوردەواری لە تورکیە کرد.

یان پالاخ ، خوێندکاری مێژوو و ئابووری سیاسیی زانستگەی کارلێفی چێک بوو، کە خۆی سووتاند و دوایی بە ژیانی هێنا. ئەو کردەوەیەی ناوبراو بوو بە هۆی سەرەتای دەستپێکی رووداوەکانی نەمانی سەرەڕۆیی، کە ناوی "پردە آهنین" ی لەسەر دانرابوو.

تاریق تەیب محەممەد بوعزیزی، دەستفرۆشێکی ٣٧ ساڵەی تونێسی بوو، کە لە ١٧ ی دێسامبری ٢٠١٠ لە دژی کردەوی راگیرانی کەلوپەلەکەی و بێحورمەتیی پێکردنی کاربەدستێکی شارەداری، لە بەرانبەر ئەو ئیدارەیە خۆی سوتاند. مەرگەکەی بوو بە هۆی دەستپێکی شۆڕشێک لە تونێس دا، کە حکوومەتی ٢٣ ساڵەی "زین‌العابدین بن علی"، بە مێژوو سپێردرا.

- گوگل و ویکی پدیا، دانشنامەی آزاد-

فاتمەی کەریمی، خوێندکاری خولی دوکتوڕای کۆمەڵناسی لە قوتابخانەی بەرزی علوومی کۆمەڵناسی پاریس، براوی وایە: هیچ کام لە دیاردەکان و کێشەکانی کۆمەڵایەتیی ناتوانن یەک هۆیی بن و هۆیەکان بە یەک یا چەند دەلیلی تایبەت چووکە نیشان بدرێن.

ناوبراو بە ئاماژە بە جیاوازیی هۆیەکان لەلایەن چالاکانی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسان و دەروون ناسان بۆ پاڵنان بە خەڵکانێک بۆ خۆکوژی کە باسیان دەکەن و خراپترین و ناخۆشترین جۆر، یانی خۆسووتاندن دەڵێ: بێ شک لە کۆمەڵگەیەکی وەک: ئێران کە سالانێکە لەگەڵ کێشەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی بەرەوڕوویە؛ هەژاری و موعتادی لە ئاکامە سەرەکییەکانی ئەو وەزعەن. لە لایەکی دیکە، سەرەڕای زیادبوونی دەستمایەی فەرهەنگیی ژنان لە رێگای دەستڕاگەیشتن بە ئاموزش، کرانەوەی دونیای مەجازی بۆ ژنان و بوونی پتریان لە شوێنە گشتییەکان، ژنان لەگەڵ دونیایەک لە زانیاریی و زانستی نوێ سەربارەت بە خۆیان و دونیای دەورووبەریان بەرەوڕوو بوون. ئەوان لەگەڵ زۆربەی یاسا و نۆرمەکانی پێشوو کەوتنە بەربەرەکانی. بەڵام، نیزام، سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕانە، هەلومەرج، کۆمەڵگە، نیهادە ژێر کۆیەکانی، بە راگرتنی وەزعی پێشوو بە پاڵپشتی ناکۆکییەکانی پێشووتر، پێ داگرە. لە حالێک دا، کە ژنان چاویان لە ئێستا و داهاتوویە، دەسەڵات و ژێر کۆیەکەی وەک رابردوو هەڵسوکەوت دەکەن. نیهادی بنەماڵە پتر لە هەموو شونێک تووشی کێشەن و زۆرترین قوربانیش ژنانن... چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگە لە رەگەزی ژن - قبووڵی هەموو کێشەکان، توندوتیژی، سەختی و دژواریی و نارەحەتییەکان لە چوارچێوەی بنەماڵە دا، بۆ درێژەدانی ژیانی ژن و مێردایەتیی- و نەبوونی سیستێمگەلیی پشتیوانی کارامە، پتر دەچنە چوارچێوەی

مەترسی خۆسووتاندن.

عەباسی عەبدیش کە بەشێک لە میدیاکانی نێوخۆیی وەک: چالاکی سیاسی و ئالۆگۆڕخواز ناوی دەبن، لە ڕۆژنامەی "اعتماد"، مەتڵەبێکی لە ژێر ناوی "انفعال خطرناکتر از اعتراض" دا، بە وەزعی لەرزۆکی دەسەڵات و تەپەسەری و سەرکوتی خامنەیی، ئاماژە دەکا و لە بەشێکی دا، دەنووسێ: پێویستە بەردەوام دوعایە بکەین کە خەڵک نارەحەت بن و نارەزایەتیی دەربڕن، نە ئەوەی کە، خۆیان بسووتێنن یا خۆیان هەڵاوەسن. ئەو کردەوە نەرێنیی (انفعال)یە خراپترە لە نارەزایەتی. نارەزایەتیی نیشانەی زیندو بوونی کۆمەڵگەیە، تەنانەت ئەگەر نارەزایەتییەکانیان ناڕاستیش بن. بەڵام خۆ سوتاندن و خۆ کوشتن دوایین هێڵ (بن بست)ە کە نائومێدی لە لایەن خەڵکە و ئاکامی ئەو ڕەفتارە مەترسی‌دارترە.

نابراو لە درێژدا دەنووسێ: ڕووداوەکان لە کرماشان و خوزستان - گیان لەدەستدانی پیرێژنێک لە ژێر کەپرێک و خۆکوژی کرێکارێکی سەنعەتی نەوت- دەری دەخەن تێگەیشتویی لە نێوەرۆکی ئەو وەزعە مەترسیدارە ی کۆمەڵگە (وضعیت انفجاری جامعه) نییە و مودیرانی پارێزگەکان بە جێی ئەوەی نیگەرانی ئەسڵ و ریشەیی ئەو مەترسییانە بن، نیگەرانی ڕووداوە ڕوو لە زیادبوونەکان دان. - سایت، ایران پرس نیوز،سه شنبه ٢٧ خرداد ماه ١٣٩٩/ ١٦- ٠٦- ٢٠٢٠-

ئەو مەترسیانەی لەنێوخۆی ئێران ئاماژەیان پێدەکەن تا ڕادەیەکی زۆر دروستن. بەڵام ئەوە دیوێکی ڕووداوەکانە. دیوەکەی دیکەی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشێ زۆری پتر لە چڵ (٤٠) ساڵ خوێنڕێژی و چاوەدێری ئەمنییەتی و دەسەڵاتیی نیزامیی شاراوە و بەچاوی دوژمن چاولێکردنی گەلی کورد و شەڕ داسەپاندن و "آتش به اختیار"ی دژی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکان، ئێعدامەکان بە تاک بە کۆ وبانگکردنی خەڵک بە بەردەوامیی بۆ ناوەندە ئیتلاعاتیی و ئەمنییەتییەکان، پارازیت سازی و کێشەی ماهوارەکان، بۆ بەرگریی کردن لە گەیشتنی زانیینی ڕاستییەکان، بەهۆی کێشەی بەردەوامی ئینترنێتی و... یە.



فەرهەنگ سازی پێشمەرگە

پەروەری و پێشمەرگە ئاسایی ژیان و مان بۆ خەبات دژی داگیرکاران، زۆر گرینگە کە بە شێوەی جۆراجۆر ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی پێشی پێدەگرێ. چوونکە ئەو فەرهەنگ و کردەوەیە دەتوانێ بە ئیمکاناتی کەم هەم خۆڕاگریی دروست بکا و هەم کومەڵگە بە زیندوویی و توانایی بەردەوام ڕاگرێ. ژنان و کچان بە ڕەهەندی جۆراجۆری خەبات و تیکۆشان ئاشنا دەبن. پیاوەکان و کوڕەکان لەو بەستێینە دا، هەم وانەی یەکسانی و هاوسەنگیی ئینسانی ڕەچاو دەکەن و هەموو پێکەوە، هەرکەس بە پێی توانایی و زانایی بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە لەبەرچاو نەگیراوەکانیان — سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکانی ژیان و گوزران- دەکەن بە بەشێک لە هەڵسوکەوتەکانیان.

ئەوکات نا ئومێدی بۆ ئومێدەواری دەگوازرێتەوە.، بێدەسەڵاتی و کەم تواناییەکان کز دەبن. بڕوا بەخۆ بوون و هاوکاری و پشتیوانی ئەرێنی زیاد دەکەن. فەرهەنگی ڕزگاریخوازی و ئازادی ویستی پتر برەو پەیدا دەکەن و دوژمن شکێن دەبن. دەکرێ بە بەخۆداچوونەوە لە سەردەمی کۆرۆنا دا، و تێپەڕین لەو وەزعە ئاستەمە دا، گۆڕانێکی قوڵ بۆ دونیایەکی جیاواز هەوڵ گەلیی جیدتریان بۆ بدرێ.

دەسەڵاتی نگریس کە شەقامەکان و زیندانەکانی خوێناوی کردەوە، هەزاران کەسی لە زیندانەکان دا، بارمتە ئاسا ڕاگرتوە، ترسی لە سەرهەڵدادەنەکان زۆرترە. بۆیە پێویست کە وێڕای کارلەسەر خۆ کردنی هەرکەس و بەرپرس دەرکەوتن لە مان و ژیان- بە هەموو کەم و کوورییەکان- بەرگیی نوێیان لەبەر کرێ. شێوەی خۆ سوتاندنی دڵتەزێن، یا گیان لەخۆ ئەستاندن، تووڕ هەڵدرێ. وەزە و تواناکان بۆ بەرهەم هێنان و خۆ پەروەردیی و هاتنە نێو ریزی تێکۆشەران بە نهێنی و ئاشکرا، لە هەموو ڕەهەندەکان، بۆ هەموو وەرزەکان ڕەچاو کرێ. ئەو بەشە ئەرێنیانەی ئاماژیان پێکرا، دەتوانن کۆدەکانی، مان و ژیان و خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن.





شلێر مەحموودی

# چەمکی ماف و مافەکانی ژنان لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا

**ژان ژاک ڕۆسۆ:**
**"مرۆڤ سەربەست دێتە دنیا، کەچی لە هەموو جێگایەکدا دە نێو زنجیراندایە."**

بەندی سێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ: "هەموو کەسێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی هەیە."

مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵێک تایبەتمەندی زامنکراو و سروشتیی هەر مرۆڤێکن، کە بە یاسا دەپارێزرێن و چەمکی مافی مرۆڤیش کۆمەڵێک مافی پێکەوە گرێدراون کە بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی گرێدراوی مرۆڤن، مرۆڤ خاوەنی ئەم مافانەیە و بۆی بووەتە ئامانج و هەمیشە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانیان داوە.

لە دنیای ئەمڕۆدا بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا بۆتە پرسێکی گرینگ و لە لایەن چینی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەوە گرینگییەکی تایبەتی پێ دەدرێ. بەشداری نەکردنی ژنانی کۆمەڵگەیەک لە سیاسەتدا ڕادەی دواکەوتوویی و ناڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدا. بوونی ژنان لە کاروباری سیاسی و کەلک وەرگرتن لە بیر و بۆچوونیان، وڵات بەرەو یەکسانی و سەقامگیریی زیاتر دەبا، لە ئەگەری پەراوێز خستن و نەبوونی ژنان لە سیاسەتدا، بەڕێوەبردن و بڕیاردان لاسەنگ دەبێ، چونکە ژنان نیوەی کۆمەڵن و ناکرێ نیوەی کۆمەڵ غایب بێ لە بڕیار و بەڕێوەبردنی هەر وڵاتێکدا.

بە درێژایی مێژوو و لە هەر جێگەیەکی ئەم دنیایەدا ژنان کەم و زۆر بەشدارییان لە سیاسەتدا کردوە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکیی ژنان لە سیاسەتدا بۆ دوای شۆڕشی فەڕانسە لە ساڵەکانی (١٧٨٩- ١٧٩٩) دەگەڕێتەوە. لە سەروبەندی شۆڕشدا ڕێکخراو گەلی تایبەت بە ژنان بۆ داکۆکی لە مافەکانیان دامەزرا و خوازیاری بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا بوون و ژنانێکی زۆریش لە دەوری ئەو ڕێکخراوانە کۆبوونەوە و لەگەڵ مافەکانی خۆیان ئاشنا کران، لایەنگران و خوازیارانی ئازادیی ژنان بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئەوەی کە ژن حەقی نەبوو بچێتە پارلمانەوە، نامەیەکی ناڕەزایەتییان بۆ پارلمان نووسی کە داواکاری ئەوە بوون ژن وەک نیوەی کۆمەڵگە ئەو حەقەی پێ بدرێ بچێتە پارلمان و داواکانیان بەرنە ئەوێوە.

هەوڵەکانی ژنانی چالاک و مافخواز و دەور و ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە کاریگەریی تایبەتی هەبوو لە سەر وڵاتانی دیکەی دنیا و لە پێش سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، وردە وردە لە وڵاتانی دیکەی دنیا بزووتنەوەکانی تایبەت بە ژنان سەری هەڵدا و دەنگی یەکسانیخوازی ژنان بەرز بووەوە. بە جۆرێک کە یەکەم بزووتنەوەی

ژنان لە بریتانیا بۆ دابینکردنی مافی سیاسیی ژنان لە ساڵی ١٨٥٦ سەری هەڵدا. ژنان لە ڕۆژئاوا بە گشتی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەش بوون و هیچ ڕۆڵێکیان لە کاروباری حکوومەتییدا نەبوو. سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی تایبەت بە ژنان و بزووتنەوەی فیمینیستی دەسپێکی سەرهەڵدانی دژایەتی لەگەڵ ئەو هەڵاواردنانە بوو کە لەدژی ژنان دەکرا. داوای سەرەکیی ئەو ژنانە ئەوە بوو وەک چۆن حەقی ژیانیان هەیە حەقی ئەوەشیان هەبێ کە لە سیاسەتی وڵاتەکەیاندا بەشدار بن.

چالاکییەکانی ژنانی جیهان بە گشتی و هەوڵ و ماندوو بوونەکانیان بێئاکام نەبوو و پەلی هاویشت بەرەو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و تا ڕادەیەک ئێرانیشی گرتەوە. لە ئێران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بە تایبەت لە سەروبەندی مەشرووتەدا بزووتنەوەی ژنان سەری هەڵدا. کولتووری پیاو سالارانە و کۆمەڵگەی سوننەتیی ئێران ڕوانینێکی زۆر جیاواز و پڕ لە هەڵاواردنی بە نیسبەت ژنەوە هەبوو، کە سەرەتا ژنان پێبەندی سوننەت و کولتووری پیاوسالارانە بوون، بە جۆرێک تەنیا خۆیان لە چوار دیواریی ماڵدا دەدیتەوە و کارەکەیان تەنیا ڕاگەیشتن بە مێرد و منداڵەکانیان بوو و ئیمکانی هیچ جۆرە چالاکییەکیان نەبوو. بەڵام لە دوای دامەزرانی قوتابخانەکان و سەردانی زۆری دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان و مانەوەیان لەم وڵاتە، بووە هۆی ئەوەی ژنان گرینگی بە خوێندن بدەن و وردە وردە دەستیان کرد بە دەرس خوێندن و خۆیان لە دنیای دەرەوەی ماڵدا دیتەوە.

بە گشتی بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێران لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا و بە شێوەی گرووپی بچووک بچووک لە ژنانێکی خوێندەوار و لە چینی مامناوەندی کۆمەڵگە پێک هات. جیاوازییەک کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەیان بوو ئەوە بوو کە بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێران خوازیاری ئەوە بوون ژنان لە کۆمەڵگەیەکی ئایینییدا پەروەردە بن، ئەوەش دەریخست کە ئایین کاریگەریی زۆری لەسەر ژنان لە ئێران داناوە، بەڵام بزووتنەوەکانی ژنانی ڕۆژئاوایی بزووتنەوەیەکی تەواو سیاسییانە و بە ئیدئۆلۆژییەکی فیمینیستانەوە بوو، ئەوان خوازیاری وەرگرتنی هەموو مافەکانیان لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ... دا بوون.

ئەو هۆکارە خاڵێکی لاواز بوو کە ژنانی ئێران نەیانتوانی بەرەو پێشچوونێکی ئەوتۆ بە خۆیانەوە ببینن.کەواتە دەتوانین بڵێین وەدەست هێنانی مافە سیاسییەکانی ژنان لە پلەی یەکەمدا پێوەندیی بە سیستمی سیاسی و یاسایی ئەو وڵاتەوە هەیە و لە پلەی دووەمدا پێوەندیی بە ئاستی وشیاریی ژنانی وڵات لە هەموو بوارەکاندا و بە تایبەت بواری سیاسییەوەهەیە.

دامەزراوە حکوومەتی و ڕێکخراوە ناحکوومەتییەکان، بە درێژایی پەنجا ساڵی ڕابردوو بە شێوەیەکی بەردەوام مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانیان فەرامۆش کردوە، لە کاتێکدا هەموو مافەکانی مرۆڤ پێکەوە بەستراون. چاودێری، سەپاندن و جێبەجێکردنی ئەم مافانە بە ڕادەیەکی کەمتر پێشخراوە بە بەراورد لەگەڵ مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بە شێوەیەک ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان مافە مەدەنی و سیاسییەکان و سەرپێچیکردن لەم مافانە بە دژوارتر لە سەرپێچیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان سەیر دەکەن.


ئەم مافانە لە بەڵگەنامە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانی مافی مرۆڤ ناسراون و دەپارێزرێن. وڵاتانی ئەندام ڕێسایەکی یاساییان هەیە بۆ ڕێزگرتن، پاراستن و دەستەبەرکردنی ئەم مافانە و لە ساڵی ٢٠١٣دا یاسایەکی بنەڕەتیی بۆ دانرا و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. زەمینەی ژنان لە چوارچێوەی مافە کۆمەڵایەتییەکاندا بە پێی سیستمی وڵات دیاری دەکرێ، ئێمە ناتوانین پێگەی ژن لە ئێران لە ڕووی ئەو مافانەوە بە وڵاتێکی پێشکەوتوو کە یاسا تێیدا سەروەر بێ و بە یاسا مافەکانی مرۆڤی تێدا جێ کەوتبێ پێک بگرین.کەواتە دەتوانین بڵێین سیستمی یاسایی، سیاسی، دین، کۆمەڵگە، داب و نەریت پێکەوە بڕیار لەسەر پێگەی ژن لە کۆمەڵگەدا دەدەن، چونکە لە هەر وڵاتێک ئەگەر لە یاسای بنەڕەتییدا دەق هەبوو لە سەر مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ئەوا ڕاستەوخۆ سیستمی سیاسی تابعی دەبێ و ڕێگا خۆشکەر دەبێ بۆ سەپاندنی یاساکان و سزادانی سەرپێچیکاران.

# زمانی زگماکی

زمانی زگماکی

زمانی زگماکی

الف – س




مرۆڤەکان، بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتین و هەر لە سەرەتاکانی ژیانیانەوە پێویستیکی بنەڕەتییان بە تێکەڵاوبوون بە کۆمەڵگاو پەیوەندی گردن بە کەسانی دەوروپشتیان هەیە. یەکەمین و گرینگ ترین ئامرازی پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگا زمانە. ئەو زمانەی کە زۆر بە ساکاری دەتوانن مەبەست و بیری خۆیانی پێ باس بکەن و لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و تاکەکان.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان باوە کە هەر منداڵێک، لەو کاتەوە کە پێ دەنێتە قوتابخانە، یەکەم زمانێک کە دەبێ دەس بە خوێندنی بکات زمانی زگماکی ئەو منداڵەیە. ئەم پرۆسە بۆ کەمایەتیە زمانیەکانیش بەردەوامە کە ڕەنگە تەنیا لە سەدا چەندی ئەو کۆمەڵگا پێک بێنن.

لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و داگیرکەرانی کوردستان، نەک ئەم پرۆسە بۆ زمانی کوردی جێبەجێ نابێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی فارس، تورک و عەرەب لە ساڵانی ڕابردوودا بە تەواوەتی هەوڵی زاڵکردنی زمانی باڵادەستیان بەسەر زمانی کەمایەتیەکان بەتایبەت زمانی کوردی داوە و دەیانەوێ دروشمی "یەک وڵات و یەک ئاڵا و یەک نەتەوە" بە تەواوەتی لە مێشکی نەتەوەگەلی ژێر دەستیان بچەسپێنن.

زمانی کوردی لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا وەکوو زمانی قەومی دێتە ئەژمار، ئەگەرچی لە یاسای بنەڕەتی ئەو ڕێژیمەدا خوێندنی لە قوتابخانەکانی کوردستان لەلای زمانی فارسی ئازاد کراوە بەڵام نەک هەر ناخوێندرێ، بەڵکوو کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە خوێندنی زمانی نەتەوەگەلی ئێران و لەوانەش زمانی کوردی بە هەڕەشەو مەترسی دەزانن بۆ جوغرافیای دەستکرد و دەسەڵاتی زاڵ لە ئێران.

لە چل و یەک ساڵی تەمەنی ئەم حکومەتە و بگرە لە سەردەمی پاشایەتیش دا، هەوڵی چڕوپڕ دراوە بۆ لەناو بردنی شوناسی کوردی و هێرشی هەمەڕەهەند بۆ سەر کەلتوور و ئەدەبی کوردی ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێ کە ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران نەک هەر هیچ کارێک بۆ بووژانەوەی فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران ناکەن،، بەڵکوو هەوڵی لەناوبردنیشیان ئەدەن.

لە ساڵانی ڕابردوو هاوردنەگۆڕی زمانی دەستکردی "فارسی کرمانشاهی" و دوای ئەوەش دووبەرەکی چاندن لە نێوان شاری سنە و کرماشان، یەکێک لە هەوڵە پیسەکانی ڕێژیم بوو تا بتوانێ بەم جۆرە دێموگرافی بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگۆڕێ و خەڵکی کرماشان و ئیلام بە فارس بکات و ماهییەت و شوناسی کوردی ئەوانی لە دەست دەربێنێ، بەڵام بە خۆشحاڵیەوە نەک هەر هەوڵەکانی بە ئاکام نەگەیشت بەڵکوو بە هیمەتی چالاکە مەدەنی و فەرهەنگیەکان، ئێستا خەڵکی ئەم بەشەی کوردستان، ڕۆڵێکی گرینگیان لە خەباتی گەلی کورد لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانمان هەیە.

لەم دۆخە گرینگە کە ئێران


بەرەو گۆڕانێکی بنەڕەتی دەڕوات، ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگا، چالاکە مەدەنی و فەرهەنگییەکان و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانە کە بتوانن زمانی کوردی بە سەر پێوە ڕابگرن تا بکرێ لە داهاتوویێکی نزیکدا مافەکانی کوردستان دەستەبەر بکرێ و بە ئازادانە و بە شێوازێکی بنەڕەتی زمانی کوردی بە نەسڵی داهاتوو فێر بکرێ. هەروەها ئەوە ئەرکی بنەماڵەکانە کە بتوانن لەم دۆخە هەستیارەدا جەستەی پڕ زامی زمانی کوردی بەسەرپێوە ڕابگرن. دەکرێ بنەماڵەکان و بەتایبەت دایکەکان، ئەو ئەرکە پیرۆزە لە ئەستۆ بگرن و نەهێڵن تیرە لە کەوان دەرچووەکەی کۆماری ئیسلامی ئامانجی خۆی بپێکێ.

ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە بۆ داهاتووی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتێکی ئازاددا و بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، دەبێ پلانێکی ڕێکوپێک دابڕێژرێ و کەسانێکی ئەرک وەخۆگر، لە سیاسییەکانەوە بگرە تا مامۆستاکان و ئەدیبان ، لە پرۆسەیکی یەکگرتوو و بەهێز، دەس بە چاکسازیکی بنەڕەتی و بووژانەوەی زمانی کوردی بکەن. نەبوونی پلان و بەرنامەی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکان لەسەر زمانی کوردی ئاکامی تەنیا و تەنیا زەرەرمەندی هەرچی زۆرتری زمانی کوردیە، کە دەبێتە هۆی لە ناوچوونی شوناسی تاکە کوردەکان و بە ئاکام گەیشتنی هەوڵی دوژمنانی گەلەکەمان.

# دێموکراسی و خەڵک بۆ بەڕێوەبەریی بەرپرسانە



موژگان عەلیپوور



بەشداری کردن لە سیاسەتی گشتگیر و هەمەلایەنیی بەڕێوەریی لە وڵاتێک دا، پێویستی بە فەرهەنگیی گشتییە. ئەو فەرهەنگە سەرەتا لە لایەن بەڕیوەبەرانی هەڵبژێرا و بەرپرسانە، و نووسینی یاسای دیمۆکراتیک لە لایەن پسپۆرانەوە و دیالۆگردن بۆ پەسەند کردنی دەست پێدەکا. دواتر ئەو یاسایەی زۆربەی خەڵک، دەنگیی ئەرێنیان پێداوە، ئیجرا دەکرێ. لە ماوەیەکی ئیجرا کردن دا، بە پێوەزیادکردنی کەموکوورییەکان (موتەمم) یا تێبینی، تەکمیل دەکرێ. لە ڕەوتی کارپێکردن دا، فەرهەنگیی دیمۆکراسیی لە چوارچێوەی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان و بەشێوەی سەربەخۆش، دەتوانێ باشتر نیهادینە بکرێ. لەو بەستێنەدا، هەڵبژاردن خولێکی زۆر سەرەکیی بۆ جێبەجێ بوونی فەرهەنگیی دیمۆکراتیک دەبێ. بێ جیاوزای ڕێکخراوەیی و بیروبۆچوون و یەکسانی مرۆڤەکان بە هەموو جێندێر و ڕەگەزەکان، بێ جیاوازی ژنان و پیاوان، کوڕان و کچان — کە بە تەمەنی یاسایی گەیشتبن– هاوسەرەنگیی بنچینەیی فەرهەنگیی دیمۆکراتیکی سەرکەوتوانەی ڕێژییە لە ڕادەیەکیی زۆر سەروو دا، پێک نایە. بۆیە، مافی بەشداری و دەنگدان بۆ ژنان و پیاوان، بە بێ جیاوازیی ئەو فەرهەنگە، کەمایەسیی زۆر دەبێ.

لە ئێران دا، بۆ یەکەم جار لە حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە ١٣٢٤ (١٩٤٥) دا، مافی دەنگ دان بە ژنان درا. بەڵام بەداخەوە ئەو حکوومەتە و کۆماری کوردستان، بوون بە قوربانی شەڕی نوێی سارد و... کە ڕووخێندران و ئیزنی بوون و گەشە کردنیان پێ نەدرا. بۆ جاری دوویەم، ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) دا، مافی دەنگ دان بە

ژنان و کچانی جحیل – تەمەن ١٨ ساڵ– درا. بەڵام هەم زۆربەی هەرەزۆری رووحانییەکان دژی بوو و هەم لە فەرهەنگیی خوارووی کۆمەڵگاکانی ئارایی لە ئێران دا، باشیان ئیجرا نەکرد. بۆیە، بەشداریی ژنان و کچان بە قووڵی ریشەیی دانەکوتا.

لە ماوەی دەڵاستداریی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دا، ژن پتر وەک وەسیلەی دەنگ دان بەداخەوە کەلکی لێوەرگیرا. بەشێکی زۆری ناهاوسەنگیی ژنان و پیاوان لە بەڕێوەری دوای سیستێمی شایی لە ئێران دا، هەم باوەڕی ئایینی لەپشتە و هەم کێشە و ململانییەی سونەت و مۆدێرنیزمە.

دوایی تێپەڕینی پێنج ساڵ بوونی ئەو رێژیمە سەرەڕۆیە، هەموو موخالیفانی یاسایی و دەرەوەیی یاسایی خۆیی بە زۆری هێرش و کوشتار، تیرۆر و ئیعدام، زیندانیی کردن و دوورخراویی لە مەیدانی بوونی راستەخۆدا، لەنێو برد یا پەراوێزی خستن. هەرچەند لەنێو زۆربەی هەرەزۆری بەند و ماددەکانی یاسایی کۆماری ئیسلامی دا، دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی ویلایەتیی موتڵەقەی فەقیهی زاڵ بوو، بەڵام دیسان لە بەشی "مافی گەل" دا، و لەبەشی شووراکان جێی هەڵبژێرانی بێ جیاوازیی ژن و پیاو تا رادەیەک هەبوو. بۆیە، دوای ٢٠ ساڵ هەڵپەساردنیی هەڵبژرادنی شووراکان، ریژەی ژنان لە بەڕێوەبەریی گەڕەک، شار و گوندەکان دا، زۆر بەرچاوبوون، بە هەموو کەند و کۆسپەکانییەوە.

لە ٢٠ ساڵی رابردوو دا، نەقشی کۆمەڵگەیی مەدەنیی و رێکخراوە بەراییەکانیی لەنێوخۆی ئێران – لەنەبوونی جێی داخی رێکخراوە سیاسییەکان– دا، پڕڕەنگتر و دیارتر بووە. چوونکە زیادبوونی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕانێکی بەرچاویان بەسەر ئەو چەمکە داهێنا. کۆمەڵگەکانمان بە دەسەڵاتیی ئایینی و پرسە زۆر جیاوازەکانی کولتووری و سیستێمی پیاوسالاریی، دابەشکردنی ناعادڵانەی ئەرکەکان کە ژنان لەنێو ماڵ، کاری وەک کابانی نێوماڵ و بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵی پێدەسپێردرێ و پیاوەکانیش کارکانی دەرەوەی ماڵ و کار لەسەرخۆکردن و گەشەکردنیان بۆ مسۆگەر دەکرێ. بۆیە، ژنان وکچان لەبەر زۆریی بەربەستەکان، بەڕاشکاوی ناتوانن لە کایە کۆمەڵەیەتیی و گۆڕینی چارەنووسی خۆیان و سیاسەت دا، بەشداری بکەین.

سەرەڕای هەمووی ئەو بەربەستانە لە کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەرز بوونەوە ئاستی شعوور و تێگەیشتنی سیاسی و چونەسەڕێ ئاستی خوێندەواری ژنان لە بوارە جوارواجۆرەکاندا وای کردووە کە ویستی ژنانی بۆ بەشداری کردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان دا، لە پێشوو پتر کردوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی دیکتاتۆڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کێشەی جیدتر لە پێشوو بەرووڕوو بێتەوە. بۆیە، گوشاری زۆرتر بۆ ژنان و کچانی چالاکی مەدەنێی، ژینگەپارێزی، رۆژنامە نووس، هەوالنێر و وێژوانی زمانی دایک، دێنێ. زیندانیان دەکا، یا حوکمی ناڕوای دوور ماویان بەسەر دا، بسەپێنی.

لەو سیستێمە پترئاییینی دا، متمانە بە تواناکانی ژن لە بواری سیاسی و مودیرییەتدا زۆر کەمە. ئەگەر سەرەنجی بدەین بە دەنگ و رەنگی ئەو رێژیمە دژە توانای ژنان، لە رێکلام وفیلمە سینەماییەکانیش دا، ژن تەنیا وەک دایکێکی باش یان هاوسەرێکی دڵسۆز، یا خوشکێکی کارەکەریی نێوماڵ، نیشاندەدا کە لە خزمەت پیاو دایە. زۆر کەم ژن وەک بەڕێوبەرێکی سەرکەوتوو یان پەرلەمانتارێکی بە توانا یا مودیرێکی ژێر و وریا نیشان دەدا. و...

لە ئەزموونی ماوەی پێشوو و تا ئێستا، لە کۆنترۆڵی کۆرۆنا لە وڵاتانی فینلاند، نیوزیلەند، ئاڵمان و... دا، چەندین لێکۆڵینەوەی دیکەش کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کراوە، دەرخەری ئەو راستییەن کە ژنان لە نێو ئەو کۆمەڵگەیان دا، دەتوانن ڕۆڵی زۆر باش ئیدارەکردنی قەیرانە زۆرئاستەمە نێوخۆیی وڵاتەکەیان و جیهان دا، بگێڕن.

ژنان و کچانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هێنانەدی ویست و داخوازییەکانیان کە یەکێک لەوان بەشداری لە دەسەڵاتیی سیاسیی و بەڕێوەبەریی دایە، هەوڵی بەرچاویان هەیە. تەنیا بوونی سیستێمێکی دێمۆکراتیک و پەرەدان بە فەرهەنگیی دێمۆکراسی و جێگیرکردنی لە کۆمەڵگە و ئیزن دان بە هەموو تواناکان بێ جیاوازیی رەگەزیی، و ئیزن دان بە گەشەی تواناکان، چارەسەریی بەشی هەرزۆری کەمووکووڕییەکانیی کۆمەڵگەکانی فرە نەتەوەیی لە ئێران دایە.



# سەردەمی پاش حەقیقەت

نووسینی
پروفسورنەزەند بەگیخانی
ئامادەکردنی: شیلان - ش

لە ساڵی ٢٠١٦، فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ یەکەمجار دەستەواژەی پاش-حەقیقەت (Post-Truth)ی خستە ناو لیستی واژەکانیەوە و بەم جۆرە پێناسەی کرد: ئەو بارودۆخەیە کە ڕاستی و فاکتە مەوزوعییەکان، بە بەراورد بە عاتیفە و باوەڕی تاکەکەسی، کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی رای گشتی کەمتر دەبێت.

سەردەمی پاش حەقیقەت گوزارشت لە کۆمەڵێ گۆڕانکاری دەکات کە بەشێوەیەکی نابەجێ لە ژیانی ڕۆژانەمان، لە سیاسەت و کولتوور و میدیا و ڕەفتاری خەڵک و ڕای گشتی ڕەنگیان داوەتەوە. کۆمەڵناس و زانایانی سیاسی ڕەگی ئەم دیاردەیە دەگەڕێننەوە بۆ ڕابردوویەکی دوور و دەڵێن، لە نووسینەکانی جۆرج ئۆروێل و هانا ئارنت و ئەلدۆس هەکسلی باسی لێوە کراوە، بەڵام لەدوای سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای دیجیتاڵ، زۆر بە زەقی لە ژیانمان ڕەنگی داوەتەوە. دوای هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ-یش لە ساڵی ٢٠١٦ لە ئەدەبیات و

توێژینەوەی ئەکادیمی و گوتاری میدیایی گرنگیی زیاتری پێ دەدرێت.

ئێمە ئێستا لەو سەردەمەدا دەژین کە حەقیقەت چیتر وەکو کۆنسێپت و فاکت، وەکوو بەڵگە و داتا مانای نییە، بەڵکو حەقیقەت بووە بە ڕا و بۆچوون و مشتومڕ و ئەجێندای شەخسیی کەسانێک کە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و ئابووری و پایەی کۆمەڵایەتی دەیشێوێنن. لەم سۆنگەیەوە، حەقیقەتی مرۆڤەکان گرنگ نییە، تۆ لە چ ئاستێکی فیکری و مەعریفیدایت گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن بتوانی ئەم یارییە بکەیت، چۆن بتوانی پرۆفایلێکی جوان بۆ خۆت دابرێژی، خۆت بگەیەنیتە پایەی دەسەڵات و یاری بە هەستی خەڵک بکەیت و سنووری نێوان حەقیقەت و درۆ ببەزێنیت، بەجۆرێک کە هەروەکو هانائارنت دەڵێ، مرۆڤ ئیدی نەتوانێت درۆ و ڕاستی لەیەک جیابکاتەوە. بەڕای هانا ئارنت، تۆتالیتاریزم ئا لەم خاڵەوە سەرهەڵدەدات.

کۆنسێپتی پاش-حەقیقەت باس لە لێکترازان دەکات لەگەڵ سەردەمێک کە کۆمەڵێک بەهای ئەخلاقی و پرەنسیپ هەبوون

لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک، لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و هاوڵاتی، نێوان میدیا و ڕای گشتی. لە سەردەمی پاش حەقیقەت بەهاکانی وەکو ڕاستگۆیی و ئازادی ڕادەربڕین لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئازادیی کەسانی دیکە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی لەناو کۆمەڵگە، ئەقڵ بۆ ڕاڤەکردن و تێگەیشتن و بەرگریکردن لە حەقیقەت، ئەمانە نەمان و کولتوورێک دروستبوو کە ئاڵۆزی و دژوارییەکانی جیهان سادە و بچووک دەکاتەوە بۆ دوو سەنگەر و دوو جەمسەری ڕەها و دژ بەیەک: چاک و خراپ، خوداوەند و ئەهریمەن، ئێمە و ئەوان. سەردار و فۆڵۆوەر و دەروێشانی ئەم دوو سەنگەرە یەکتری تەواودەکەن و بە عاتیفە و مەزاج یاری بە ئیحساسی خەڵک دەکەن بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵات و قۆرخکردنی ڕای گشتی مێتۆدی جێبەجێکردنی ئەم کارەش بریتییە لە دروستکردنی هەواڵی درۆ و ساختەکاری و درۆی ئۆرگانیزەکراو بۆ هێرشکردن و چاندنی ڕق و کینە و پچڕاندنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و لەخشتەبردن و لەناوبردنی کەسایەتی و کوشتنی سیمبۆلی. هەندێک پسپۆڕ ئەمە وەکو 'ئامێرێکی ڕێکخستن' پێناسە دەکەن، کە بەپێی بەرژەوەندی و ئەجێندا و مەرامی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەندێک کەس و لایەن بڵند دەکات و سنوور لەنێوان هاووڵاتییان، لەنێوان خەڵک دروستدەکات: سنووری سیاسی، سنووری شارچێتی، سنووری حیزبایەتی و خانەوادەیی و عەشیرەتگەری، سنووری مەزهەبی و ئایینی، هتد. لەسەر بنچینەی ئەم سنوورانەش تۆوی دوژمنکاری دەچێنێت. خاسیەتی سەرەکی ئەم دۆخە نەبوونی دادوەری و پەیڕەوکردنی غەدرە لە کەسانێک کە جیاوازن و لەم هاوکێشەیە خۆیان نادۆزنەوە و بەرگری لە بیرکردنەوەی قووڵ و ڕاڤەکاری و ڕاستگۆیی دەکەن. نەبوونی دادوەری و هەستکردن بە غەدر لە هەموو کۆمەڵگەیەک کۆتایی بە ئاشتی و ئاسوودەیی دەهێنێت. ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ تەواوی جیهانی گرتووەتەوە.

هانا ئارنت دەربارەی درۆ و درۆی ئۆرگانیزەکراو دەڵێ، تۆ درۆ بەرامبەر کەسێک دەکەیت و نائومێدی دەکەیت، بەڵام لە درۆی ئۆرگانیزەکراو کە بە پلان ئامادەکاری بۆ کرابێ، ئەوە تۆ نەک تەنها حەقیقەت دەشێوێنیت، بەڵکو حەقیقەت لەناودەبەیت. بۆ نموونە، لە سەردەمی کۆرۆنا، درۆی ئۆرگانیزەکراو لەلایەن ئەو کەس و گرووپانەوە دەکرا کە نکوڵییان لە بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکرد. لەڕووی سیاسییەوە درۆی ئۆرگانیزەکراو کە لە وڵاتە دیکتاتۆرەکان زۆر دەکرێت، نکوڵی لە بوونی ئۆپۆزیسیۆن دەکات و لەناویدەبات، حاشا لە جینۆسایدی ئەرمەنییەکان و لە هۆڵۆکۆست دەکات. لە میدیا هەواڵی نادروست و هەڵە پەخشدەکات و ڕای گشتی لەخشتە دەبات. لە مزگەوت و کڵێساکان، گوتارێکی توندڕەو دەڵێتەوە کە گرژی و دوژمنکاریی لێ دەکەوێتەوە.

لە کوردستان ڕەفتار و کولتوور و سیاسەتی پاش حەقیقەت زۆر بە زەقی دیارە و پیادە دەکرێت. لەگەڵ هەر کەسێک قسە دەکەیت، دەبینی کە ڕۆژانە ئازار دەچێژێت و دڵتەنگ و نیگەران و ناکۆکە لەگەڵ خۆی و دەوروبەری، هەست بە غەدر و نادادی دەکات.

تاکی کورد لە بارودۆخێکی ناهەموار و پڕ نیگەرانی و سترێس ئەزموونی ژیان دەکات. میدیای ناپیشەگەر و دیجیتاڵی ٢٤ کاژێری حیزبەکان بەبێ وەستان هەواڵی نادروست و بێ بەڵگە و بنەما بڵاودەکەنەوە کە ختوکەی خەڵک دەدەن، مێشکی خەڵکی پێ دەشۆنەوە و توانای بیرکردنەوە و ئەقڵانیەتیان دەکوژن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بوونەتە سەکۆی خودپەرستی و هەلپەرستی و خۆنمایشکردن کە بەپێی مەزاج و ئەجێندای گرووپ و حیزب و میدیا و ڕۆشنبیرە ئۆلیگارشییەکان جێبەجێ دەکرێ. سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بە فەیسبووک و ئینستاگرام و توویتەر و هتد، لەلایەن ئەو گرووپانەوە بە ترس و هەواڵی درۆ و ڕقئامێز تەنراون. لەم سەکۆ و میدیایانە ڕای گشتی نییە، بەڵکو یاریکردن بە ئیحساس هەیە؛ پەیوەندییەکان تێکچوون، زمانی زبر و ناشیرین بووە باو تا ئاستی جنێودان و لەخشتەبردن کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەکاونت و ماڵپەڕ و پەیجی ساختە و ڕەفتاری نابەجێ و ئازاربەخش ئەنجامدەدرێت. گوتار و نووسینی سەنگین و زانستی و ئەکادیمی و بەڵگەئامێز ئیتر بە دەگمەن دەخوێندرێنەوە، لە بەرامبەردا سادەکاری و گوتاری ئیحساسی و ڕواڵەتکاری تا ئاستی پۆرن زاڵە بەمەبەستی مێشک شووشتنەوە و خەساندن و مۆنۆپۆلیزەکردنی ڕای

گشتی، سەنگی مەحەکیش بوو بە ژمارەی کلیک و لایک و فۆڵۆوەر.
ئەم دۆخە بۆتە مایەی جەمسەرگیری و سەنگەرگرتن لە یەکتری: واتە ڕای گشتی دابەشبووە لەنێوان 'ئێمە' و 'ئەوان'، خەڵک دەچنە ناو سەنگەر و خانە هاوشێوەکانیانەوە و دەستە و گرووپ دادەمەزرێنن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و خزمەتکاری نەک بنەمای فیکر و دیالۆگ. ئەمانە هێرش دەکەنە سەر هەرکەسێک کە لەوان جیاوازبێت. نووسین چیتر بۆ بەرهەمهێنانی زانست و مەعریفە نییە، بەڵکو بۆ دژایەتیکردنی ئەوانی دیکەیە. میچیتۆ کاکوتانی لە کتێبی 'مردنی حەقیقەت' ئەم گرووپانە بە خێلی ئایدیۆلۆژیگەرا ناودەبات و دەڵێت جیاوازییەکی وایان نییە لەگەڵ تۆرە تێرۆریستەکان (کاکوتانی، ٢٠١٨). لەم کۆنتێکستەدا، هەرکەسێک جیاواز لەوان بیربکاتەوە لە ئەکاونت و پەیجە ساختەکانیانەوە هێرشی دەکەنەسەر، ناوبەدی دەکەن، وەکو 'ئەهریمەن' و 'خراپەکار' دەیناسێنن.

ئەم دیاردەیە تەنها سیاسییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی کولتووری و ڕۆشنبیر و گرووپە ئۆلیگارشییەکانیش دەگرێتەوە. لە سایەی ئەم سیاسەت و کولتوورەدا، هەر کەس و لایەنە خۆی لەناو ڕا و بۆچوون و باوەڕی تاکڕەو و هاوشێوەکەی بەندکردووە و نە دەوێرێ ڕەخنە بگرێت، نە دەوێرێ حەقیقەت بدرکێنێت. ئەوەی کە دەیڵێ گوزارشت نییە لەوەی کە دەیەوێ بیڵێ، یان پێویستە بیڵێ بۆ سەرخستنی حەقیقەت. ئەمە بۆچی ڕوودەدات؟ هۆکار زۆرن و وەڵامی ئەم پرسیارە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بە ڕاڤەکاری هەیە. ئەگەر لە ڕوانگەی هانا ئارنت و ڕەهەندی تۆتالیتاریزمییەوە لێی بڕوانین، ئەوە دەتوانین بڵێین تاک لەناو ئەو سەنگەر و گرووپە حیزبی و کولتووری و میدیایی و کۆمەڵایەتییانە لە سیستەمی ترس و تۆقان بەندکراوە، خەسێندراوە و توانای بیرکردنەوە و گفتوگۆ و ئارگیومێنتی لێ سەندراوەتەوە و وەکو ئامێرێک هەڵدەسوڕێندرێت. هەرکەسێک ڕەخنە بگرێت و ڕاستیی مەوزوعییەکان بدرکێنێت، ئەو تاکە ڕیسوا دەکرێ، لە گرووپ و دەستە و تۆڕەکان وەدەر دەنرێت، جگە لە کوشتنی سیمبۆلی، ژیانیشی دەکەوێتە مەترسییەوە.

لەم نێوانەدا شەڕێکی بێ هوودە هاتووەتە ئاراوە کە زۆربەی خەڵک تێیدا بەشدارە و هەمووان تێیدا دۆڕاون. لەم دۆخەدا، میدیاکان دڵی خۆیان بە زۆرترین ژمارەی کلیک و لایک دەدەنەوە. ئەو ئەکاونت و پەیجانەی زۆرترین لایک و فۆڵۆوەر بەدەستدەهێنن، خۆشییەکی فریودەرانە دایاندەگرێ و خۆیان لێ دەبێتە پاڵەوانێکی خەیاڵی. دیموکراسیش لەم نێوانەدا جگە لە قسەی گەورە، هیچ مانایەکی نەماوە.

کوردستانی باشوور زەمینەیەکی گونجاو بوو بۆ کولتوور و سیاسەت و ڕەفتاری پاش حەقیقەت. دوای ٤٠ ساڵ لە فەرمانڕەوایی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر، دوای ئەنفال و کۆمەڵکوژی و کۆڕەو و ڕاپەڕینی خوێناوی، دوای شەڕی براکوژی و سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی و هێرشی داعشییەکان، خەڵک تامەزرۆی سیاسەت و گوتارێکی ئەڵتەرنەتیڤ بوو کە ئومێدی پێ ببەخشێ و ئاسوودەی بکات. بەڵام گوتاری سیاسی و ئۆلیگارشیی ڕۆشنبیری و توندڕەویی ئیسلامی لە سەردەمی پاش حەقیقەت لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نوێوە شەڕ و تووندوتیژی و ڕقیان هێنایە ناو ماڵ و سەر شاشەی کۆمپیوتەر و مۆبایلەکانمانەوە. شەڕی ساردی ناوخۆ و حیزبایەتیی بەرتەسک و گرووپگەرایی و شارچێتی بوونە نۆرم و خەڵکێکی زۆر ئەوەندە پێی ڕاهاتوون کە نە دەتوانن دەستبەرداری ببن، نە دەتوانن بە شێوەیەکی دروست بیری لێ بکەنەوە بەرەو چارەسەرکردنی.

کاتێک سیاسەتمەدار لەخشتەت ببات، ڕۆشنبیر درۆ بکات، مەلا و قەشە منداڵبازی بکەن، فێمینیست هەلپەرست بێت و پرەنسیپ ببەزێنێت، ئەوە گوتاری ساختە و درۆ دەبنە نۆرم و خەڵکی خەسێندراویش شاگەشگە دەبێ پێیان. ئاکامی ئەم دۆخە بێزاری و حەزی تێکشکاندن و لەناوبردنە، تا ئاستی لەناوبردنی حەقیقەت و ملشکاندن و لەناوبردنی یەکتری. ئەمە ڤایرۆسە و مەترسییەکانی لە هی کۆرۆنا زیاترە؛ ئەم ڤایرۆسە لەسەر هەموو وشەکانمانە، لەبن زمان و سەر زمان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمانە، بۆیە دەبێت هەمووان پێکەوە بە هەمان شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەرەنگاری ئەم ڤایرۆسە ببینەوە.



سۆما ناسری

# بارودۆخی ژنانی بێسەرپەرشت
# لە کۆمەڵگەی ئێراندا



بەپێی دوایین ئامارەکان، حەشیمەتی ئێران زیاتر لە ٨٣ میلیۆن کەسە کە ژنان نیوەی ئەو کۆمەڵگەیە پێکدێنن، زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران لەو کچانە پێکدێ کە ژیانی هاوبەشیان پێک نەهێناوە و بەشێک لەو کەسانەن کە سەرپەرەستی بنەماڵەیان لە ئەستۆیە.

لە ئێران زیاتر پیاوان سەرپەرست و پشتیوانی ماڵن و ژنان پتر بە کاروباری ماڵداری و پەروەردەی منداڵەوە سەرقاڵن.

ئەگەر پێناسەیەکی ژنانی سەرپەرست بکەین؛ بەو ژنانە دەوترێ کە هاوسەرەکانیان سەرباز، بێسەروشوێن، موعتاد، بێکار، زیندانی، یان توانای کارکردنیان نییە یان خود بە هەر بیانوویەک لایان نەماون.

هەروەها؛

- ئەو کەسانەی کە لە ژیانی هاوبەش دابڕاون.
- ئەو کچانەی ژیانی هاوبەشیان پێکنەهێناوە..
- ئەو ژنانەی بەساڵاچوون و تەنیا دەژین و قورسایی باری ژیان دەکەوێتە سەر شانیان، وەک ژنانی سەرپەرست دەژمێردرێن.

شایانی باسە کە ژمارەی ئافرەتانی کەمدەرەتان و بێپشتیوان زۆر زیاترە لەوەیە کە لە ئامارەکاندا ئاماژەی پێدەکرێ و لە ڕاگەیەنەکانەوە خراوەتە بەرچاو و لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا ئەو بنەماڵانەی کە ژن سەرپەرستیان دەکا بە نیسبەت پیاوان لەسەتا ٥٨ زیادی کردووە و زۆرترین هۆکارەکەشی تەڵاق بووە.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی هەڵکشانی سەرپەرستی بنەماڵە بۆ ژنان، دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی شیربەها، وامی هاوسەرگیری و منداڵ هاوسەری کە بەداخەوە دەبینین بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کچان لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە ڕێگە پێدراون کە ژیانی هاوبەش پێک بهێنن و زۆربەی کات ئەو جۆرە ژیان پێکهێنانە هێندە ناخایەنێ و جیابوونەوەی لێدەکەوێتەوە و زۆر جاریش دەبینین ئەو منداڵانانە لە تەمەنی ١٤ یان ١٥ ساڵیدا دەبنە دایک و بەخێوکردنی منداڵیش دەکەوێتە سەرشانیان؛ بەشێکیان بەهۆی نەبوونی ئەزموون، کەم تەمەنی و نەبوونی پێداویستییەکانی ژیان دەکەونە داوی کەسانی هەلپەرەست و بەوەش دیاردە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەستێنن.

تەمەنی نێونجیی ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە لە ١٨ ساڵ بۆ ٦٠ ساڵە.

گەورەترین کێشەی ژنانی بێسەرپەرست لە ئێراندا، دۆخی ئابوورییە کە لە سەر ژیان و کەسایەتییان لەناو کۆمەڵگەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ دادەنێ و زۆربەیان تووشی گیروگرفتی ڕۆژانەی ژیان دەبن. ژنێک کە دایکی منداڵێک یان چەند منداڵ بێ، یان ئەرکی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشێکی لە ئەستۆ بێ، زۆرترین گوشارەکانی ژیانی لە سەرە و دەبێ چەند هێندەی دیکە ڕەنج بکێشێ و لە جەستە و ڕۆحی خۆی زۆر زیاتر لە توانای کار بکێشێتەوە.

زۆرن ئەو ژنانەی کە بۆ منداڵەکانیان دەبێ هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکی دایکایەتی بەجێدێنن، دەبێ ڕۆڵی باوکیش بگێڕن، هەروەها دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان، پەروەردەی منداڵان یان نرخی ژیان وایان لێدەکا کە زیاتر هەوڵ بدەن کاریان دەست بکەوێ و بە هەر نرخێک بێ بژیوی ژیانیان دابین بکەن.

لە هەمان کاتدا زۆربەی ئەو ژنانە بەهۆی نەبوونی ئەزموون و شارەزایی لە پیشەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێران و نەبوونی مەدرەکی پێویست بۆ دامەزران، کاریان دەست ناکەوێ یان ئەگەر بە ئەستەم کارێکی ئابڕوومەندانەیان دەست بکەوێ بە هەقدەستێکی کەمەوە شان دەدەنە بەر کارێکی قورس و تاقەتپرووکێن، زۆربەی کاتیش ناتوانن پێداویستییەکانی ژیانی پێ دابین بکەن و لە باری دەروونییەوە تووشی کێشە و گرفت دەبن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان لە سەتا ٨٥ی ئەو ژنانەی کە بەرپرسیارەتیی بنەماڵەیان لە ئەستۆیە خاوەن ماڵی خۆیان نین واتە کرێنشینن و زۆر جاریش هەڵوەدای شەقام و کۆڵانەکانی شارەکانن.

بە دەیان هۆکاری جیاوازەوە لە کۆمەڵگەی ئێران، بەشێکی بەرچاو لەو ژن و پیاوانە کە ژیانی هاوبەشیان پێک هێناوە دوای ماوەیەک لەیەکتر جیا دەبنەوە و هەر ئەوە بۆتە هۆی بەرز بوونەوەی ڕادەی جیا بوونەوەکان (تەڵاق) و زۆربوونی ئافرەتانی بێسەرپەرست. زۆربەی ئەو ژنانەی کە کۆتایی بە ژیانی هاوبەش دێنن بە هۆکاری جیاوازەوە لە مارەیی و ماڵ و زۆربەی مافی دیاریکراوی خۆیان بێبەش دەبن، بەتایبەتی ئەگەر خۆیان داوای جیابوونەوە بکەن، بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی هیچیان ناکەوێ. زۆرێک لەو ژنانە لەبەر ئەوەیکە بتوانن منداڵەکەیان بە سۆزی دایکانە پەروەردە بکەن، دەست لەو مافانەی خۆیان هەڵدەگرن بۆ ئەوەی بتوانن مافی بەخێوکردنی منداڵەکانیان پێبدرێ، بەڵام جاری وایە دوای ماوەیەک لەبەر بارودۆخی ناڵەباری ژیان و گوشارە ئابوورییەکان بۆ سەر ئەو دایکە بێسەرپەرستانەی بەجێی وەرگرتنی هەقەکانیان، منداڵەکەیان وەرگرتووە، ئەو منداڵانە دەگەڕێنەوە بۆ لای باوکیان و لێرەشدا دیسان ئەو دایکانە ئەوەندەی دیکە تەنیا دەبن و لە نەبوونی منداڵەکانیان تووشی خەمۆکی و گۆشەگیری دەبن و، ئەو کارەی کە بە چەرمەسەری و ماندووبوونی لەڕادەبەدەر بژیوی ژیانی پێ دابین دەکەن لە دەستی دەدەن و هێزی کاریان نامێنێ و پەنا بۆ زۆر کاری نەشیاو دەبەن کە بە ویستی خۆیان نییە.

زۆربەی ژنانی بێپشتیوان و کەمدەرەتان، لەوەها دۆخێکدا ناچارن لەو شوێنانە نیشتەجێ بن کە لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە زۆر دواکەوتوون و ئەوەش دەبێتە هۆی زیان و تێکچوونێکی زۆر لەباری دەروونییەوە کە کاریگەریی تاڵ و نەرێنی لەسەر شێوەی ژیانیان و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان دادەنێ .

بەگشتی داهات و بژیوی ژنان لە ئێران یەکێک لە گەورەترین کێشەکانە، بەڵام لە ئێستادا کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بەرۆکی زۆربەی ئافرەتانی بێپشتیوانی گرتووە و هەندێجار باری قورسی ئەم دیاردانە، زۆر زیاترە لە بەشمەینەتی و کوێرەوەرییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان.

جیا لەوانە، نەبوونی ئاسایش، مادده هۆشبەرەکان، لەشفرۆشی، دزی و دەیان دیاردەی دیکە کە لە نەبوونی پشتیوانێک وەکوو بنەماڵە، کار و پارەوە سەرچاوە دەگرێ و ئافرەت بە ناچاری تووشیان دەبن، هەر ئەوەش لەسەر منداڵەکانیان و چۆنییەتی بارهێنانیان کاردانەوەی نەرێنی دەبێ.

لەوانە تاڵتر و بەژانتر، دەستدرێژیی سێکسی و گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و دزی، زۆرترینی ئەو مەترسیانەن کە لەبەردەم ئەو توێژە دان و لە ئەگەری تووش بوونیان هەر ئەو هۆکارانە دەبنە هۆی دارمان و شکانیان لە ناو کۆمەڵگەدا و بەرەبەرە پەراوێز دەخرێن و تەریک دەکەونەوە.

# گەشەکردنی زمان لای منداڵ


گەلاوێژ پەیرەوان



زمان ئامرازێکە بۆ لێک تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان یان زمان کەرەستەی سەرەکی پێشکەوتنی گشت گەل و نەتەوەکانە لە هەمووشی گرینگتر زمان پێناسەی نەتەوەیە و نەتەوە بەبێ بوونی زمان هیچ واتایەکی نییە. لە ڕێگای ئەو پێناسانەوە دەرگای

بابەتەکەمان دەکەینەوە و دەچین و بزانین داخۆ زمان چەندە گرنگە و چەندە کاریگەری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندا هەیە؟

زمان بنەمای هاوسۆزی و بیری و پێوەری پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و کاریگەرییەکی زۆریشی لە سەر گەشەکردنی بیر و هۆش و هزری مرۆڤ هەیە. کەواتە زمان گرنگییەکی لە ڕادە بەدەری لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و تەنها مرۆڤیشە ، کە دەتوانێت زمان بە واتا فراوانەکەی بە کار بهێنێت و لە بوونەوەرانی تری جیا بکاتەوە. هەر وەک ڕوون و ئاشکرایە زمان لە ژمارەیەک دەنگ و پیت پێک هاتوە و بە پێ یاسا و ڕێزمانی تایبەتی ، کە هەر زمانێک یاسا و ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە و لەو ڕێگەیەوە تاکەکانی نێو کۆمەڵگا ، لە یەتری تێدەگەن و گوزارشت لە حەزوو ئارەزوو و بیرو بۆچوونەکانیان دەکەن.

بنەما فسیۆلۆژیەکانی زمان:

زمان و قسەکردن وەک هەموو دیاردە مرۆڤایەتی و دەروونیەکانی تر بنەمای فسیۆلۆژی و بایۆلۆژی تایبەتی خۆی هەیە و لە ڕێگەی ئەو ئەندامانەوە زمان بەرجەستە دەبێت و تایبەتمەندێتی مرۆڤ دەر دەکەوێت. وەک ئاشکرایە و دەزانرێ زیاتر لە کۆئەندامێک ، بەشداری بەرهەم هێنانی زمان و قسەکردن دەکەن. لە هەمووشیان زیاتر کۆئەندامی دەماری ناوەندییە، کە کۆنترۆڵی کار و فەرمانی زۆرێک لە کۆئەندامەکانی تری مرۆڤ دەکات.

کۆئەندامی دەماری ناوەندی بەرپرسیارە ، لە

پرۆسەی قسەکردن و نووسین و لە یەک گەیشتنی مرۆڤ. لە کۆئەندامی دەماری ناوەندیش مێشک بەرپرسیاری یەکەمە لە زمان. هەر وەک دەزانین مێشک لە دوو بەش پێکهاتووە(نیوەی لای ڕاست و نیوەی لای چەپ) ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە ئەوەیە، کە نیوەی چەپی مێشک بەرپرسیارە لە جوڵە وچالاکییەکانی نیوەی ڕاستی لەش و نیوەی ڕاستی مێشکیش کۆنترۆڵی جووڵە و چالاکییەکانی نیوەی چەپی لەش دەکات. دووەم کۆئەندامیش ، کۆئەندامی هەناسەیە ، کە بەشداری دروستکردنی دەنگەکان ،لە ڕێگەی دابین کردنی هەوا بە ڕێژەیەکی گونجاو دەکات.

وەرگرتن و فێربوونی زمان

لە ئەنجامی ژیان لە ناو کۆمەڵدا و تێکەڵاوبوون بە تاکەکانی، منداڵ فێری زمانی گەل و نەتەوەکەی دەبێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی وشەکانی زۆرتر دەبێت و شارەزایی زیاتری دەربارەی ڕێزمان و پێکهاتەی زمان پەیدا دەکات. ئەو ڕاستییەش سەلمێنراوە، کە دەڵێ گفتوگۆ و قسەکردن لە گەڵ منداڵدا ، پرۆسەی فێربوونی زمانی لا خێراتر دەکات تاکو ئێستاش مشت و مڕێکی زۆر لە نێوان زاناکاندا هەیە، دەربارەی چۆنییەتی فێربوونی زمان لە لای منداڵ. بەڵام بۆ یان یەک لا نەبۆتەوە، چونکە هەر یەکە و ڕاو بۆچوونی خۆی هەیە و لە گۆشە نیگای خۆیەوە دەڕوانێتە بابەتەکە. لە گرینگترین تیۆرەکانی لێکدانەوەی چۆنیەتی فێربوونی زمانیش دەتوانین ئاماژە بەم چەند تیۆرەی خوارەوە بکەین.

یەکەم/ تیۆرە بایۆلۆژیەکان:

بەشێک لە زانایانی ئەو تیۆرە ، لە سەر ئەو باوەڕەن ، کە ئامادەباشی و توانستی فێربوونی زمان بۆ بۆ ماوە و ڕەمەکەکانی پێش لە دایکبوون دەگێڕنەوە. هەر لەو پیوەندیەشدا چۆمسکی )chomisky( کە یەکێکە لە لایەنگرانی ئەم تیۆرە ، لەو باوەڕەدایە، کە منداڵ پێش ئەوەی لە دایک بێت توانستێکی لە بن نەهاتووی بۆ فێربوونی زمان هەیە. هەر وەها لینەنبەرگ(lenneberge( لەو بارەیەوە دەڵێت توانستی مرۆڤ بۆ بەرهەم هێنانی زمان و تێگەیشتن یەکێکە لە خاسیەتە بۆ بۆ ماوەییەکان و زمان پشت بە کۆمەڵێک ئەندامی بایۆلۆژی زۆر ورد و خاوەن کار و. فەرمانی تایبەتی دەبەستێت، لە وانەش ( کۆئەندامی قسەکردن، مەڵبەندەکانی مێشک و کۆئەندامی بیستن و ....هد)ز لیننبرگ ئاماژەش بەوە دەکات، کە هەموو منداڵانی جیهان بە پێی یەک شێواز و یاسا و ڕێزمانێکی هاوبەش فێری زمان دەبن ، هەرچەندە ژینگە و باروودۆخی ژیانیشیان جیاواز بێت.

دووەم/ تیۆری فێربوون:

لایەنگرانی ئەم تیۆرەش پێیان وایە زمان وەک هەموو ڕەوشت و هەڵس و کەوتەکانی دیکە، لە ڕێگای پاداشت و دووبارەبوونەوە و ڕاهێنانەوە گەشە دەکات و مرۆڤ فێری دەبێت. نموونەش بۆ ئەم بۆچوونە،ڕای (سکنر)کە دەڵێ: منداڵ کاتێک فێری گڕو گاڵ و یاریکردن ، بە دەنگەکانی دەبێت،لەو کاتەدا دایک و باوک و کەسانی چوار دەوری ، لە ڕێگەی پێکەنین و زەردەخەنە و لە باوەشگرتن و ماچ کردن و لاواندنەوەو ڕازی بوون ، پشتگیری هەندێک لە دەنگەکانی دەکەن و هەندێکیش لە دەنگەکانی پشت گوێ دەخەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ تەنیا ئەو دەنگ و وشانە دووبارە بکاتەوە، کە دەبنە جێگای سەرنجی دایک و باوک و کەسانی دەورووبەری و پێیان خەشە و پاداشتی دەکەن.

سێهەم/ تیۆری لاسایکردنەوە:

بەڕای زانایانی ئەم تیۆرە منداڵ ، لە ڕێگەی لاسایکردنوەی گەورەکان و کەسانی چوار دەورییەوە فێری زمان دەبێت. چۆن؟ واتە کاتێک باوک و دایک کەسانی دەورووبەری منداڵ قسە لە گەڵ یەکتر و منداڵەکە دەکەن، لەو کاتەدا منداڵ سەرنجییان دەدات و هەوڵ دەدات وشە و ڕستەکان دووبارە کاتەوە ، هەر ئەوەیش وای لێدەکات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وشە و ڕستەی زیاتر و تازەتریان لێوە فێر بێت.

چوارەم/ تیۆری زانینی

جان پیاجیە بە پێشەوای ئەم تیۆرە دادەنرێت و لەو بڕوایەدایە، کە توانا و لێهاتوویی فێربوونی زمان ، لە ڕێگەی کارلێکردنی نێوان منداڵ و ژینگەکەیەوە گەشە دەکات. واتە منداڵ توانست و ئامادەباشی فێربوونی



زمانی هەیە، بەڵام ئەو توانست ئامادە باشییە ئەگەر ژینگەی کۆمەڵایەتی لە بار و گونجاوی بۆ نە خولقێنرێ، ئەوا گەشە ناکات و لە هەڵس وکەوتیو زمانی منداڵدا. بەرجەستە نابێ. ئەگەر بە وردی بە شێوەیەکی زانستیانە ئەو تیۆرانەی سەرەوە هەڵبسەنگێنین ئەوەمان بۆ دەر دەکەوێ ، کە هەریەکەیان ، لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە سەیری پرۆسەی فێربوونی زمانیان کردوە و هەریەکە و لایەکی ڕاستی پێکاوە و هیچ کامیشیان نەیتوانیوە سەرکەوتوانە هەموو لایەنەکانی ئەو پرۆسەیە لێک بداتەوە. لێرەشدا بەو ئەنجامە دەگەین ، کە هیچ کام ،لەو تیۆرانە بە تەنیا ناتوانێت پرۆسەی فێربوون و گەشەی زنی منداڵ پێش بخات، بەڵکو هەریەک لەو لایەنانە بەشێک یان هۆکارێکن و هەرکامەیان بە گوێرەی بارودۆخ و بە پێی تەمەنی منداڵەکە کاریگەریان ، لە بردنە پێش و بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەکە دەبێت.

هەنگاوەکانی فێربوون:

زمان و چۆنیەتی گەشەکردنی توێژینەوەی زۆری دەربارە کراوە، دەرەنجامی ئەو توێژینەوانەش، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن،کە منداڵ یەکەم جار فێری ( ناو) دەبێت. بە تایبەتیش ئەو ناوانەی لە چوار دەوری منداڵن و ڕۆژانە منداڵ ، لە ڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە.

نموونەی( دایە، بابە، دادە، ئاو، نان، حەم)...هتد. ئەوجار و دوای ماوەیەی زۆر دەتوانێ فێری کردار(فعل) ببێت و بە کاریان بهێنێ.

توانستی دەربڕین لای منداڵ

١/قۆناغی گریان(قیژەکردن)

ئەم قۆناغە بە گریانی یەکەم ، لە پاش لە دایکبوونەوە، کە لە ئەنجامی چوونە ژوورەوەی بە هێزی هەوا لە قورگەوە بۆ ناو سییەکان ڕوودەدات دەست پێدەکات و تاکو مانگی پێنجەم بەردەوام دەبێت، لەوانەشە تاکۆتایی ساڵی یەکەم بخایەنێت، بەڵام وەک پێشتر نابێت. منداڵ لەو ماوەیەدا بە هۆی گریان یان قیژەکردنەوە دەیەوێت مەبەستێکی ویژدانی دەر ببڕێت، وەک ( برسیبوون ، تووڕەبوون) و هتد.

٢/قۆناغی گڕوگاڵکردن

ئەم قۆناغە ، لە مانگی ( ٦_٩) دەست پێدەکات، کە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی زنجیریەک ، لە دەنگە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان،

ئەو بڕگانەی کەمنداڵ دروستی دەکا ، لە کاتی گروگاڵکردن و وشەی زمان نین، بەڵکو شێوەی نزیک لە وشە وەردەگرێت، لە هەمان کاتیشا هەندێک لەو بڕگانە لای منداڵ دەمێنێتەوە و دەبنە بنەمایەک بۆ قسەکردنی، هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا فێری جوڵانەوەی زمانی دەبێت لە ناو دەمدا.

٣/قۆناغی ئاماژەکردن

ئەم قۆناغە لە کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم دەست پێدەکات و منداڵ ئاماژە بۆ بەدەست هێنانی شتێک یان بۆ دەربڕینی نارەزایی بە رامبەر بە شتێک بە کاری دەهێنێت. منداڵ لەو ماوەیەدا فێری هەندێک ئاماژەکردن دەبێت ، کە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ، لە خۆ دەگرێت، وەک: ( جووڵانەوەی دەستی بە مەبەستی سڵاو کردن و خودا حافیزی کردن.

٤/قۆناغی وشەی یەکەم

ئەم قۆناغە بە گرینگترین قۆناغ دادەنرێت، لە ناو قۆناغەکانی تردا، چونکە منداڵ لەم قۆناغەدا دەکەوێتە ناو قۆناغی بە کارهێنانی زمان، هەربۆیەش بە قۆناغی گەشەکردنی زمان دادەنرێت. هەرچەندە دەست نیشانکردنی ماوەی گۆکردنی وشەی یەکەم لای منداڵ قورسە، بەڵام زانایان دەڵێن: (منداڵ لە نێوان مانگی ١٠_١٢ وشەی یەکەم گۆ دەکات)، لە وانەشە گۆکردنی وشەی یەکەم لای منداڵ تا کۆتایی ساڵی دووەم دوا بکەوێت ، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی گەشەی هۆشەکی و جەستەیی منداڵ، واتە جیاوازی هەیە لە منداڵێک بۆ منداڵێکی دیکە. یەکەم وشەش کە منداڵ دەری دەبڕێت ، بریتییە لە ناوی ئەو کەسانەی لێوەی نزیکن و خۆشی دەوێن، وەک: (دادا، بابا ، ماما ..هتد)

٥/قۆناغی ڕستەی یەک وشەیی

بەرهەمی وشەکان لای منداڵ لە دوای گۆکردنی وشەی یەکەم زیاد دەکات و دەگاتە نزیکەی(٥_٨) وشە، لە کۆتایی ساڵی یەکەم، لە ئەنجامی ئەوەشەوە گۆڕانێک لە شێوازی ئاخاوتنی منداڵ دا ڕوودەدات، بەوەی کە پێشتر وشەکانی تەنیا بە مەبەستی ناو لێنان بە کار دەهێنا، بەڵام ئەمجارەیان بە مەبەستی دەربڕینی ڕستەیەک بە کاری دەهێنێت، واتە مەبەستی ڕستەیەکی واتادارە. نموونەی ( هاتم، ڕۆیشت، چوو) کە هەم وشەیە و هەم ڕستەیە.

٦/قۆناغی ئاخاوتنی لێکدانی وشە

منداڵ لە تەمەنی (١٨_٢٤) مانگی فێری لێکدانی وشە دەبێت، کە بۆ دەربڕینی بیرێک( فێری دەربڕینی ڕستەی کورت دەبێت، کە لە دوو وشە پێک هاتووە)،لێرەدا تەنیا وشە سەرەکییەکان بە کار دەهێنێ، واتە ئامراز و وشە ئەرکییەکان بە کار ناهێنێت، هەر بۆ یەش ئەم قۆناغە بە لێکدانی وشە ناودەبرێت. لەو ماوەیەدا دیاردەیەک ، کە بە دیاردەی( تەقینەوەی ناوزانی) ناو دەبرێت لای منداڵ سەر هەڵدەدات، کە لە ماوەی چەند هەفتایەکدا منداڵ دەتوانێت نزیکەی (٤٠٠) وشە دەربرێت.

٧/قۆناغی ئاخاوتنی تەواو

منداڵ لە تەمەنی(٢٤_٣٠)مانگیدا وردە وردە لایەنی سینتاکس ئەو ڕستانەی کە دەریان دەبڕێت بەرە و باشی دەچێت، ڕستەکانیش درێژتر و واتاکەشی ڕونتر دەبێت، هەندێجار وشە قوت دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕستانە هەر واتایان هەیە، جگە لەوەش وشە ئەرکییەکان لە ڕستەدا بە کار دێنێت. واتە ئیتر لێرە بەدواوە دەتوانێت ئەو وشانەی ، کە کار و کردەوەیەک نیشان دەدەن ، لە ڕستەدا بە کار بهێنێت. بە شێوەیەکی ئاسایی منداڵ ،لە تەمەنی ( ٣_٤) ساڵیدا ژمارەی وشەکانی، لە نێوان (٣٠٠_٤٠٠) وشە دەبێت و درێژی و مامناوەندی ڕستەکانیشی دەگاتە (٣_٤) وشە. لە تەمەنی(٤_٥) ساڵیشدا یاگیری فەرهەنگی منداڵ ، لە دوو هەزار وشە تێدەپەڕێت، واتە منداڵ لەو تەمەنەدا دەتوانێت زیاتر لەو وشە و ڕستانە بگات، کەدەیان بیستێ و بەهەمان شێوەش دەتوانێت ، بە کاریان بێنێت و ڕستەکانیشی فراوانتر و ئاڵۆزتر دەبن. لە تەمەنی(٥_٦) ساڵی ، کە تەمەنی چوونە ڕەوزە و قوتابخانەیە، منداڵ ئەو زمانەی کە لە ژینگەکەیدا هەیەتی و وەری دەگرێت، بەهەمان شێوازی ژینگە زمانیەکەی دەتوانێت قسە بکات، لەم قۆناغەدا منداڵ توانای هەیە ڕستەکانی درێژ و تێکچڕاوتر بکات..

# حقوق زنان در ایران
# تحت استیلای جمهوری اسلامی




سەید زانیار حوسێنی

منشور جهانی حقوق بشر و بسیاری از میثاقهای بینالمللی دیگر که به دنبال آن به تصویب رسیده‌اند، بر برابری حقوقی همه‌ی انسانها، صرفنظر از جنسیت آنان مهر تأیید زده‌اند. اما واقعیت آن است که زنان در سراسر جهان به صورتهای گوناگون و البته در مقیاسی متفاوت، مورد تبعیض واقع میشوند. بدتر از آن اینکه در بعضی از کشورها و حوزه‌های فرهنگی بویژه در میان جوامع مسلمان، اینگونه تبعیضات به صورت امری کاملاً طبیعی و اجتناب ناپذیر مورد پذیرش قرار گرفته‌اند.

در این کشورها و حوزه‌های فرهنگی، حساسیت نسبت به تبعیضات نژادی، دینی و سیاسی به مراتب بیشتر از تبعیضات جنسی است. تا قبل از سال ۱۹۴۸ میلادی )۱۳۲٦ شمسی)هیچ کشوری در جهان پیدا نمیشد که قوانین و حقوق اساسی آن نسبت به تعلق جنسی شهروندانش بیطرف بوده باشد، به همین دلیل منشور جهانی حقوق بشر که امر تبعیض جنسی را با چنین وضوح و قاطعیتی سرزنش و طرد کرده است، تحول بزرگی محسوب میگردد.

ماده الحاقی در منشور جهانی حقوق بشر علیه تبعیض جنسی و نیز منشور ویژه‌ی سازمان ملل برای حقوق زنان مصوب۱۹٦۷ حتی کنواسیون محو هرگونه تبعیض در مورد زنان (۱۹۷۹) که به "کنواسیون زنان" نیز معروف است، تا مدتها تأثیر چندانی بر روی جریان اصلی جنبش حقوق بشر نداشتند و این جنبش همچنان از کم توجهی نسبت به رفتار تبعیضآمیز در مورد زنان رنج میبرد. در میثاقهای یاد شده اگر چه عموماً بر حقوق برابر میان زن و مرد تأکید شده، اما این جنبش فیمینیستی بود که با تلاشهای بی وقفه خود آشکار ساخت که امر برابری حقوقی در جهانی که هنجارهای مردانه معیار آن را تشکیل میدهند، نه تنها سلاح تیزی در دست زنان نیست، بلکه میتواند



به شمشیر دو لبه‌ای تبدیل گردند که یک لبه‌ی آن متوجه زنانی خواهد شد که به این هنجارهای مردانه تمکین نمیکنند.

در واقع تبعیض جنسی فقط معطوف به جنسیت زنان نیست و صورتهای گوناگونی دارد که اکثراً نادیده گرفته شده و یا به ندرت به مثابه نقض آشکار حقوق بشر مورد توجه قرار گرفته است. در این میان میتوان به چند مورد همچون، تجاوز جنسی که حتی در روابط زناشویی ممکن است صورت بگیرد، یا تحمیل بارداری به زنان علیرغم میل و اراده‌شان، نداشتن شانس برابر در محیط کار و عدم ارزشگذاری لازم اجتماعی در مورد پرستاری و تربیت کودکان و کار منزل اشاره کرد.

برای درک بیشتر حق و حقوق زنان بایستی جایگاه سازمان ملل و اسناد بینالمللی حقوق زنان که از سوی این سازمان تهیه و تدوین شده است و در واقع با تأسیس سازمان ملل متحد موضوع حمایت از حقوق زنان مورد توجه جدی قرار گرفته، توجه کرد.

یکی از این سندها، اعلامیه جهانی حقوق بشر است که طبق ماده اول منشور ملل متحد، ایجاد همکاری بینالمللی برای ترویج و ترغیب احترام به حقوق بشر و آزادی همگان بدون تمایز از نظر نژاد، جنس، زبان و مذهب است و با تصویب اعلامیه جهانی حقوق بشر توسط مجمع عمومی سازمان ملل در تاریخ دهم دسامبر سال ۱۹٤۸ یکی از نخستین دستاوردهای این سازمان در زمینه‌ی حقوق بشر محسوب میشود. مجمع عمومی این اعلامیه را به عنوان "معیار موفقیتی مشترک برای همه اقوام و ملتها" معرفی کرد. در محتوای ماده اول منشور ملل متحد، در میان واژه‌ها و خصایص ذکر شده، کلمه جنس خودنمایی میکند و رویه دکترین منشور ملل متحد، رعایت و احترام به حقوق بشر و آزادی همگانی را لازمه‌ی برابری و برخورداری از حق و حقوق یکسان و عادلانه دانسته و بدون تمایز جنسی، خواهان برقراری سلطه دمکراسی در میان همه‌ی توده‌های انسانی بدون درنظر گرفتن جغرافیا و عقاید فردی و گروهی است.

با تشکیل کمیسیون حقوق بشر، عملاً بازوی اجرایی منشور ملل متحد در این زمینه فراهم شد و با بقیه پیش نویس و میثاق بینالمللی در مسئله‌ی مزبور، حقوق مندرج در اعلامیه جهانی حقوق بشر، به صورت قانونی و لازم الاجرا درآمد.

میتوان به میثاقهای بینالمللی در رابطه با حقوق اقتصادی، اجتماعی و فرهنگی و غیره نیز اشاره کرد. مسئله‌ی تبعیض حقوق زنان و نادیده گرفتن اراده‌شان در جوامع، این سازمان را بر آن داشته تا با تشکیل کمیته محو کلیه اشکال تبعیض علیه زنان، توجه خاص و ویژه‌ای به این قسم از حقوق بشر بکند. در ساختار سازمان ملل متحد بایستی به کمیسیون مقام زن، نهاد زنان ملل متحد نیز اشاره کرد. با نگاهی به تاریخ سده گذشته ایران درمییابیم که در این جغرافیای همیشه متشنج سیاسی، اقتصادی و فرهنگی، زنان مانند سایر زنهای جهان از تبعیضات و پایمال شدن حق و حقوقشان برحذر نبوده‌اند و چه بسا در بسیاری از اوقات و زمانها بیشتر از زنان سایر کشورها مورد تبعیض واقع شده‌اند. دیدگاه‌های سنتی اشتباه و معیارهای مرد سالارانه که برخاسته از جامعه مردسالار و سنتی بوده، در قوانین و حقوق عمومی و خصوصی خودنمایی میکند. اگر نگاهی گذرا به قبل از دوران پهلوی بیاندازیم زنان ایرانی نقش پر رنگی را در جنبش مشروطه ایران ایفا کردند. آنها در اموراجتماحی فعالانه شرکت کردند و موقعیتهای مهم در روزنامه نگاری و در مدارس و انجمنهایی که در سالهای ۱۲۸۹ تا ۱۳۰۲ در ایران رونق پیدا کرده بود شرکت داشتند. بعدها با شکست مشروطه خواهان و جنبش مشروطه خواهی تحکیم قدرت توسط رضا خان پهلوی، مجلات و گروه‌های اجتماعی زنان تضعیف شد، اما وضعیت حقوق زنان در طول این سالها با اجرای اصلاحات اجتماعی مانند اصلاحات در آموزش و پرورش و اشتغال، وضعیت برای زنان بهبود یافت.

در دوران محمدرضا پهلوی قوانین متعارف و مترقی به تصویب مجلس رسیدند که به زنان آزادی بیشتری در تمامی حوزه‌های اجتماعی ، بغیر از سیاست میداد. این قوانین هرچند در عمل نتوانستند پیاده شوند و عملی گردند ولی مظاهر دمکراسی از منظر آزادیهای شخصی را پدید آوردند و زنان بویژه در مرکز و شهرهای بزرگ کشور از هجوم سنت و باورهای واپسگرایانه مصون ماندند.

در سال ۱۳٤۱ با اصلاح قانون انتخابات ایران در چارچوب اصلاحات، زنان برای اولین بار حق رأی یافتند که در اصل پنجم منشور "انقلاب سفید" این حق به رسمیت شناخته شد. دستآوردهای این اصل ظاهراً دستیابی به حقوق




برابر سیاسی و اجتماعی بود. با این وصف نه‌تنها زنان بلکه تمامی آحاد مردم از آزادی سیاسی بهره‌ای نبردند. با دادن حق رأی و طبق مصوبه این اصول، زنان در انتخابات انجمنهای استان و شهرستان و مجلس شورای ملی و مجلس سنا، حق انتخاب کردن و انتخاب شدن داشتند. در واقع با این اصلاحات و استقرار اصول گفته شده، زنان برای نخستین بار میتوانستند همچون مردان در تعیین سرنوشت خودشان نقش مهمی بازی کنند.

با تصویب این قانون و تبصره‌های مربوطه، زنان به مجلس شورای ملی و سنا راه یافتند. زنان به مقاماتی چون سفارت، وزارت، نمایندگی مجلس، قضاوت، اساتید دانشگاه‌ها، وکالت دادگستری، شهرداری، مدیریت شرکتها و مقامات حساس دیگر رسیدند.

زنان همچون مردان در نیروهای مسلح دوره پهلوی استخدام شدند و در لباس و مقام افسری به ایران خدمت کردند که مثال بارز اثرات این قانون به وزارت رسیدن خانم دکتر فرخ روپارسا برای اولین بار در تاریخ سده‌ی اخیر است. این اقدامات تنها بخشی از حقوق زنان بود و رژیم پادشاهی نیز نتوانست و یا نخواست تبعیض علیه زنان را ریشه‌کن کند، چراکه اساساً در نظامهای دیکتاتوری و خودکامه آنچه از اهمیت برخوردار است و اولویت سردمداران محسوب میشود، اقتدار نظام و منکوب کردن جامعه از طرق مختلف است. با این حال در زمینه‌ی قوانین احوال شخصی، بویژه پیرامون حقوق زنان گامهای بنیادینی برداشته شد که نمیتوان نادیده گرفت.

پس از بدست آوردن حق انتخاب شدن و انتخاب کردن در شرایط برابر اجتماعی و سیاسی با مردان، مسیر تکمیل کردن حقوق اجتماعی زنان به عنوان یک فرد جامعه با تصویب قانون حمایت خانواده در سال ۱۳۴۲ هموارتر شد. این قانون طلاق یک طرفه را لغو میکند. به چند همسری به سختی اجازه میدهد و زنها هم حق درخواست طلاق میگیرند و برای سرپرستی کودک نیز مادر به حساب میآیند و کودک پس از طلاق یا درگذشت پدر به مادر سپرده میشود. اما بعد از پیروزی انقلاب ۵۷ و استقرار ولایت فقیه در ابعاد گوناگون قانونی و حقوقی، سیر نزولی تساوی زنان در برابر مردان از همان روزهای آغازین شروع میشود و زنان بتدریج به حاشیه رانده میشوند و حاکمیت آخوندی با تمسک به دین و شریعت، زنان را به کنج خانه‌ها هدایت میکند.

ورود حاکمیت به حقوق بشری و تشکیل چارچوبی حقوقی بر مبنای اصول اعتقادی و آرمانیاش، نه تنها یکسری از حقوق مردان را که بر اساس حقوق شناخته شده بینالمللی، حق هر نفر از انسانهاست را پایمال کرده است، بلکه به طور اساسی حق و حقوق زنان را نیز دستخوش تغییر و دگرگونی کرده است. در حوزه‌ی احوال شخصی، قوانین کیفری، حقوق اجتماعی و سیاسی، حقوق اقتصادی مورد هجمه تبعیضات گسترده قرار گرفته‌اند. تا به آنجا که در بعضی از موارد دولتمردان و نهادهای وابسته به دولت نه به شکل قانونی، اما به شکل سیستماتیک و رسانه‌ای در جزئیترین موارد کوشیدند در

زندگی خصوصی مردم دخالت کنند و شیوه‌ی و زندگی و رفتارهای متعارف مردم را تغییر دهند. این مسئله در فضاهای مجازی و رسانه‌های صوتی، تصویری و حتی برنامه‌های اجتماعی ملموس میباشد. در قوانین مدنی و مبحث احوال شخصی موارد بسیاری را میتوان دید که آشکارا ضدیت حاکمیت و قانون گذار را در رابطه با تساوی حقوق زن و مرد، به تصویر میکشد. به عنوان نمونه در بحث ازدواج، نکاح دختر باکره گرچه به سن بلوغ رسیده باشد، اما با اجازه پدر ممکن است و اما از طرفی پدر اگر اراده کند میتواند دختر را وادار به ازدواج کند، هر چند از سن بلوغش هم نگذشته باشد.

در حوزه‌ی تحصیلات، به محض ازدواج، حق ادامه آن در اختیار شوهر قرار میگیرد. قوانین رژیم حاکم بر ایران پا را فراتر نهاده و گرفتن گذرنامه و سفر زنان و دختران را به موکول به اذن ولی نموده است. به بیانی دیگر حاکمیت کنونی در ایران، با اعمال ماده ۱۱۰۸ قانون مدنی که بیان میدارد "تمکین از زوج تکلیف قانونی زوجه است" چارچوب و مبنای فکری و اعتقادی خود را درباره‌ی حقوق زنان به صراحت نمایان میکند. در این ماده‌ی قانونی، تمکین به صورت مطلق کلمه و بدون هیچ تبصره‌ای واضح و صریح گفته شده است، پس میتوان چنین استنباط نمود که تمامی درخواستها و حق و حقوقی که مرد برای زن تعیین میکند (البته بایستی از قوانین و عرف اسلامی مقبول حاکمیت عدول نکند و در قاب شریعت مدنظر آنان بگنجد) از طرف زن مورد قبول و واقع شود، مگر در دیگر قوانین مدنی که قانونگذار به صورت جزئی بعضی از موارد عدم تمکین را پذیرفته باشد.

در حوزه طلاق چنانچه قانوناً و عملاً در دادگاه‌های جمهوری اسلامی ایران میبینیم مردها راحتتر میتوانند همسرانشان را طلاق بدهند و اساساً حق طلاق با مرد است، در صورتی مرد آزادانه در سند ازدواج این حق را برای زن نیز قائل باشد، جنبه‌ی قانونی دارد، در غیر اینصورت زن برای جدایی از مرد بایستی به محکمه ثابت کند که همسرش فاقد صلاحیت زندگی مشترک هست، وگرنه راه به جدایی نخواهد برد.

در باب ارث هم تضییع حق زنان مشهود است؛ از گرفتن نصف حقالارث نسبت به دیگر فرزندان، تا بدانجا که ماده ۹۴۹ از قانون مدنی اینگونه بیان میدارد:"درصورت نبودن هیچ وارث دیگر به غیر از زوج یا زوجه ،شوهر تمام ترکه زن متوفی خود را میبرد، لیکن زن فقط نصیب خود را و بقیه‌ی ترکه‌ی شوهر در حکم مال اشخاص بلاوارث و تابع ماده‌ی ٨٦٦ خواهد بود. جالب اینجاست که ماده‌ی ٨٦٦ اذعان میدارد: "در صورت نبودن وارث، امر ترکه‌ی متوفی راجع به حاکم است." این به معنای کلمه، یعنی زن به جز حق ارثی خود از شوهر، وارث مابقی ترکه نیست، اما شوهر در صورت نبود وارثی دیگر تمام ترکه را به ارث خواهد برد، هر چند در منشور شهروندی ،۷ ماده از ۱۲۰ ماده این منشور به طور خاص به حقوق زنان پرداخته است، اما دارای نواقص کمی و کیفی هست و عملاً این مواد قانونی و حقوق شهروندی هم آنچنان که هست به مرحله اجرا درنیامده است.

اینها تنها جزئی از پایمال شدن حقوق زنان در حاکمیتی است که مدعی رهایی انسانها اعم از زن و مرد است. در بعضی از موارد نه تنها حق زنان به عنوان انسان پایمال شده است، بلکه به نوعی انسان بودن و تمامیت وجودی او را به زیر سؤال برده‌اند؛ به‌عنوان نمونه دیه یک بیضه مرد نصف دیه‌ی کامل است، حال آنکه دیه‌ی کامل یک زن، نصف دیه‌ی کامل یا همان دیه مرد است. به عبارت دیگر دیه‌ی نفس یک زن با دیه‌ی یک بیضه مرد برابری میکند و این نه تنها توهین به زن و مقام یک انسان است، بلکه با استناد به قوانین جمهوری اسلامی، زنان از محدوده بسیاری از حقوق انسانی نیز خارج شده‌اند.

به غیر از مبحث قانونی و حقوقی، زنان در ایران در تمامی ابعاد زندگی، حقوقشان پایمال گشته و مورد تبعیض قرار گرفته‌اند. از منع شدن در فضاهای عمومی همانند ورزشگاه‌های ورزشی، تا تعیین نوع و شیوه‌ی پوشش در اماکن عمومی و عدم حضور در بعضی مشاغل تا ورود به عرصه‌های سیاسی و فرهنگی و اقتصادی، میتوان عمق تبعیض و تضییع حقوق زنان را مشاهده نمود. با مقایسه حکومت جمهوری اسلامی ایران با حکومت پهلوی، در رابطه با حقوق زنان، این مسئله به وضوح نمایان میشود که مسیر برابری حقوق زن و مرد در این دوره، نسبت به دور قبل سیری قهقرایی داشته است و وضعیت حقوقی زنان در دوره کنونی بسیار وخیمتر از گذشته شده و ابتداییترین حقوق زنان نیز پایمال میگردد.



# ژن
# ژیان
# دەنوسێتەوە

**کۆرتەیەک لە چیرۆکی ژیانی خۆم: «شەهلا کاوە»**

کۆرتە باسێک لەسەرژیانی خۆم من "شەهلا کاوە" ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە گوندی پاراستانی سەربە شاری ڕەبەت لەدایک بووم . بنەماڵەی ئێمە خۆشناو بوون لە ناوچەکە وبە وەستا خاڵە ناسراون وبابم ناوی وەستاخدرکاوەیە و دایکیشم ناوی ئایشێ سورییە و سێ برا و دوو خوشکین.

ژیانی منداڵیم لە گوند بە خوێندن ویاریکردن تێپەرکردوە و لە ژیانی گوندی بەداخەوە شتێکی وانەبووە ئەوکات خۆتی پێ سەرگەرم بکەی بەڵام ئەوکات پێشمەرگە دەهاتنەوە بۆناوخۆی ڕۆژهەڵات، بنە ماڵەی ئێمە زۆریان خزمەت بە پێشمەرگە دەکرد. ئەوکات لەبیرمە خەڵکی گوندەکە هەموویان دەیانزانی پێشمەرگە دێنەوە بۆناوخەڵکەکە، هەموویان خواردن وپێخۆریان بۆسازدەکردن و ئەوکات سەبارەت بە پێشمەرگە هەستێکی سەیرم هەبوو، خودا خودام بوبێن بۆماڵەکەمان، تا ئەوکاتەی کە تەمەن هەڵکشاو ژیان وتەقدیرم وابوو لەگەڵ کارۆ یەکترمان ناسی و بوویەنە دەزگیران. بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە خزمایەتیمان هەیە لەگەڵ بنەماڵەی کارۆ هەیە، خۆشەویستیمان نەکردوە بەڵام ناوبانگم بیستبوو، ماڵی بابی کارۆ هاتن بۆخوازبینیم و قسمەت وابوو منیش پێم خۆشبووکە ژیانی هاوبەشی لە گەڵ پێکبێنم. لە ساڵی ١٣٨٢مارە کرام و قەراربوولە نەورۆزی ١٣٨٣ شایی بکەین. بە هۆی ئەوەی کە ئەوکات کارۆ لە بەندیخانەی مەهاباد سەربازبوو و سێ پێشمەرگەی تیکۆشەربە ناوکانی وەستا کامیل ئوستادئەحمەدی ومەجید سەدەفی و حەسەن جەزایرچی بەداخەوە لەلایان کەسیک کە تەشکیلات بو خیانەتی لێکردبوون و کەوتبوونە داو وکەمینی دوژمن و کارۆ وهاوڕێیەکی سەربازی بە ناوی کاک لوقمان ڕەمەزانی ئەویش سەربازبوو پێکەوە بریاریان دابوو بۆ ڕزگارکردنی ئەو پێشمەرگانە کە بە خۆشیەوە توانیان لە دەربازکردنیان سەرکەوتووبن.

من ئەوکات نەخۆش بووم وبۆ چارەسەری لە شاری مەهاباد لە ماڵی کارۆ بووم. نێوەڕۆ کە کارۆ هاتەوە پێ سەیربوو من لەوێ بووم. لای ئێوارێ بە بەهانەی پیاسەکردن بە یەکەوە ڕوێشتین، لە ناوماشێن کارۆ گۆتی: "دەمهەوێ مەسەلەیەکت لە گەڵ باس بکەم بەڵام نابێ خۆت نارەحەت بکەی و دەبێ سۆێندم بۆ بخۆی و ئەویش بە گۆڕی دووکتورقاسملوو". منیش سۆێندم بۆ خوارد کە لای کەس باسی نەکەم گۆتی: " دەبێ برۆم کارێکم بۆهاتۆتەپێش". منیش گریام گوتم بۆ کوێ دەچی ئەی من چیبکەم؟ گۆتی: " لە ماوەیەکی کەمدا تۆش دەبەم". زۆر نارەحەت بووم بەڵام نەیگوت کە بە هیوان پێشمەرگەکان لە بەندیخانەی مەهاباد ڕزگار بکەن. بەداخەوە ئەو ماوە کەمەی کارۆ پێنج ساڵی خایاند وئەوماوەش بە هۆی بارودۆخی ئەمنییەتی لە ماڵی خەزورم مامەوە.

دیارە ئەو ماوە ژیان بۆ من زۆرسەخت بوو، من لەلایەک، ماڵی

دایکم له لایەک، ماڵی خەزورم ئەوانیش هەر کارۆیان هەبوو کە تاقانە بوو، زۆرناڕەحەت بووم. قسمەتی من وابوو لەماڵی کارۆ مامەوە و ئیتلاعاتی مەهاباد بەردەوام بانگیان دەکردین وپرسیاریان دەکرد وبە منیان دەگوت ئەگەرهاوکاریمان بکەی ئێمەش هاوکاریتان دەکەین. هاوکات بابی کارۆش لە لایان ئیتلاعات بێسەروشوێن کرابوو ودوای ٣ مانگ لە بەندیخانەی ورمێ ملاقاتیان پێداین ودوایش بۆ ماوەی پێنج ساڵ زیندانی کرا. دۆخێکی زۆرناخۆشمان هەبوو، بە تایبەت بۆ من کە وەک هەمووکچێک دنیایەک هیوا وئاواتم هەبوو و ژیانم گۆڕابوو. بەڵام لە لایەکی دیکە لە شاری مەهاباد ودەتوانم بڵێم بەشی زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵات خەڵک شادی وخۆشیان دەکرد ودڵخۆش بوون بەو کارەی کارۆ وکاک لوقمان ئەنجامیان دابوو و خەڵک لە نێو شارشیرینیان بڵاو دەکردوە وخەڵکێکی زۆرسەردانی ماڵمانی دەکرد وخەڵک ڕێزیکی زۆریان لێ دەگرتین.

دیارە کارۆ وهاڕێیانی دوای یەک مانگ ونێو بە هاوکاری بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر بە ناوی بنەماڵەی سێلەکە بە تایبەت کاک عەلی و وەستا خاڵند توانیان بە سڵامەتی بە هاوڕێیانیان شاد ببنەوە ودوای پێنج ساڵ منیش بە هاوکاری هاوڕێیەکی خۆشەویست کە بە هۆکاری ئەمنییەتی ناتوانم ناوی بێنم لە ڕێگای سنووری سەردەشتەوە هاتم وبە کارۆ شاد بوومەوە کە لە گەڵ برای خۆشەویستم کاک خدربەگ هاتبوون بە دوای مندا ومنیش بە بێ ئاگاداری بنەماڵەکەم کە نەدەکرا ئاگاداریان بکەم وبە یەکجاری ماڵ ئاواییان لێبکەم هاتمە باشووری کوردستان و هاتمە نێو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکڕات و چوێنە ماڵی خۆشک وبرای خۆشەویستمان کاک عەبدوڵای دۆستاڵی و خۆشکە فاتم ودوای ٤ ڕۆژ مانەوە بۆ یەکەم جارچووومە قەڵای دێمۆکرات کە ئەوکات هەر یەک حیزب بوو. کارۆ مقەری خۆی کردبوو بە ماڵ، دیارە دوو ژووربوون کە هیندێکی دەستکاری کردبوو. ژیانمان لە مقەڕی پێشمەرگانە دەست پێکرد وئاشنا بووم لە گەڵ خۆشک وبرایانی پێشمەرگە ودوای ماوەیەک منیش بە هاندانی شەهید سوهەیلا قادری وچەند خانمی دیکە تێکەڵاوی کاری حیزبی بووم وکارتی ئەندامەتی حیزبم وەرگرت ودوایش بووم بە ئەندامی یەکیەتیی ژنان ودوایی بووم بە ڕاوێژکارهەڵبژێردرام . ژیانی پێشمەرگانە خۆشی وناخۆشی زۆری تێدایە.

بەرهەمی ژیانی هاوبەشمان دوو کوڕن بەناوەکانی شارۆ و شێروان ٥ و شارۆ ١٢ساڵە و شێروان ٦ساڵە. ژیانی پێشمەرگانەم زۆرلام پیرۆزە وبە هاوکاری هاوڕێکانم لە نێو حیزب کەسایەتی خۆم دیتەوە، ٤یان ٥ ساڵ پێش ئیستا زۆرم پێخۆش بووبێجگە لە کاری ماڵێ کاری حیزبی بکەم، ڕۆژێک دادە سوهەیلا روحی شادبێ بانگی کردم گۆتی: " دەبێ سەردانم بکەی لە قەڵا وپێم خۆش نییە بێکاربی ولە ماڵ دابنیشی". منیش زۆرم پێخۆش بوو، دیارە خۆم بە هیوا بووم کارێک بکەم بەڵام نەمدەزانی چە بکەم، منیش گوتم باشە بەچاوان دیم. کاتێک چووم بۆلای، گۆتی دەبێ لە کوردکاناڵ کارێک بکەی، گۆتم باشە، پێشنیاری بەشی هەواڵی پێدام کە ماوەیەک بەرنامەی پانۆڕامام بەڕێوە دەبرد و دوایی هاوکات بۆبەشی کامێراش چووم ولەو بەشەش کارم کرد دوای تێپەڕاندنی دەورەیەکی سەرەتایی کە ١٥ڕۆژی بوو ولەکۆتایی دەورەکەدا بووین قەراربوو پۆلێک پێشمەرگە بچنەوە بۆناوخۆی ڕۆژهەڵات کە کارۆشیان لەگەڵ بوو، ئەوەی راستی بێ پێم خۆش نەبوو بڕۆنەوە بۆ ناوچە و ترسم هەبوو لە چوونەوەیان. ئەوەی لێی دەترسام بەداخەوە بەسەرمان هات و دوای ماوەیەکی کورت لە رویشتنیان کاتێک سنووریان بڕیبوو بەداخەوە خیانەتیان لێکرا ولە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٥دوو پێشمەرگە بەناوکانی ئازاد ئاڵی و ئەمیرنستانی شەهیدبوون وکارۆش بەسەختی بریندارببوو و دوای ٢ڕۆژ توانیان کارۆ دەربازبکەن کە ئەو ڕۆژانە ناخۆشترین رۆژەکانی ژیانم بوون . دوای چەند مانگ دیسان ئەو ئەرکەی کە وەستۆی خۆم گرتبوولە بەشی کامێرا رۆژانە دەچووم وئەرکەکانم بەجێدەگەیاند و ئاگاشم لەکارۆ دەبوو . دوای چەند مانگ تەقینەوەی شەوی یەڵدا رویدا و لەوێش پێنج پێشمەرگە بە ناوکانی شەهیدان عەلی قۆیتاسی وئەرسلان عەبباس‌نیا و وەهاب میرخزری وسالارخزری



وناسرئەمینی و دوو پێشمەرگەی ئاسایشیش شەهید بوون. بەداخەوە دوای ئەو کارەساتە کاک قادر قادری تێرۆرکرا و هەرهات وساڵ تێپەربوو و ڕووداوی ناخۆشترروویدا، ئەوجارکارەساتێکی گەورەترکە مووشکبارانی قەڵای دێموکرات بوو لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ لە کاتی پلێنۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا و بەداخەوە لەو کارەساتەدا ١٦هاوڕێمان شەهید بوون وپۆلێک هاوڕێش برینداربوون، منیش یەکێک لە بریندارەکان بووم. ئەو ڕۆژە من لە یەکیەتیی ژنان بووم و لەگەڵ چەند هاوڕێم بە ناوەکانی تامان محەممەد وکوڕە چووکەکەی بە ناوی ڕاهین و شەوبۆ وەنەوشە – سنۆر خزری – ئامین مەحموودی، بە گشتی پێنج کەس بووین کە هەموومان بەسەختی برینداربووین و دوو سکرتێری یەکیەتیی ژنان بە ناوەکانی نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری شەهید بوون و بە شەهید بوونیان بە ڕاستی دڵگران بووم بەڵام بۆ دادە سوهەیلای ڕۆخام، لەژیان بێزاربووم وبە هۆی ئەوەیکە دادە سوهەیلا لە سەر ژیانم کاریگەری زۆری هەبوو وهەوڵ وهاندانی ئەو بوو وایکرد من دڵگەرم بم بە کار وخەبات. بۆیمە دادە سوهەیلا هەر سکرتێرنەبوو بەڵکوو وەکوو ئازیزترین کەسمان وابوو و زۆرمیهرەبان ودڵێکی گەورەی هەبوو. هەموو ڕۆژێک بە ئامێزی گەرمی خۆی بۆ خزمەتی زیاتر هانی دەداین. ڕوحی سەرجەم شەهیدانی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی ١٧خەرمانان شاد و ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێ.

منیش تاماوەیەک بە هۆی برینەکانم کە زۆر سەخت بوون لەسەر جێگا کەوتم، دەتوانم بڵێم هەموو گیانم شێوابوو، تەنانەت دوو ڕۆژی پێچوو لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی تیماردەکرام کە کارۆهات بۆلام، کە ئاوا بە برینداری چاوی پێکەوتم زۆرناڕەحەت بوو و بڕوای نەدەکرد ئاوا برینداربم. لە یادمە هاتە بن گوێم گوتیی شەهلا بەجێمان نەهێڵی، ئەوەندە وناڕەحەت بوو کە فشاری خوێنی دابەزیبوو.

قەراربوپێش مۆشکبارانی قەڵا کۆنگرەی پێنجی یەکیەتیی ژنان بگرین بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی ودوای ساڵ و نێویک کۆنگرەمان بەسەرکەوتوویی گرت. لەکۆنگرەی پێنج دووبارە بوومەوە بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان و ئەرکێکی قورسترم کەوتە سەرشان و بەڵێن دەدەم تا وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی شەهیدان بە دڵ وبەگیان خزمەت بکەم و لە ئەرکی حیزبی و ڕێکخراوەکەم درێغی نەکەم . ماوەیەک لەکۆنگرەی پێنجی یەکیەتیی ژنان تێپەڕێوە و بەداخەوە نەخۆشی کۆرۆنا ڕۆی لەهەموو وڵاتانی جیهان کرد و لە گەڵ نەورۆز و دەسپێکی ساڵی نوێ واتە ١٣٩٩ بەداخەوە هەواڵی کۆچی ناوەختی باوکم بۆهات کە زۆرناخۆش بوو ودیسان بوو بە مایەی ناڕەحەتیم و بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە نەمتوانی سەرەخۆشی بۆباوکی ئازیزم دابنێم و بەداخەوە دیداری ئاخیرەت لەگەڵ کەس و کار زۆرناخۆشە .

ئەوە بەشێکە لە ژیان وخەباتی من و لەکۆتاییدا دەستخۆشی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژنان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی هاوڕێیانیان بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە بتوانین بەشێک لە ژیانی ناو شۆڕش بۆ خوێنەران و هۆگرانی ئازادی باس بکەین .

# شێعر

نووسینی: ئاوات

بزەی شاری غەم
سەدان ساڵە هەڵوەداوم
شەقام شەقام
کۆڵان کۆڵان
سووچ بە سووچی شاری ئەوین ئەخولێمەوە
بەڵام ڕێگام لێ ون بووە
چاوی دڵم ماندووی ماندوو
کەچی لەو دیوەئەو شارەوە
دێتە گوێم
دەنگێکی ون
زرینگە پێکی مات!؟
کە پێم ئەڵێ:ئەوڕێگایە زۆری ماوە
بەڵام ئەما
ئەڕۆم ئەڕۆم
پرسیارێکم لە مێشکایە؟
مەگەر ئەوین شاری غەمە!؟
کە دابەزیم لەدوا قۆناغی شاری دڵ
دەلاقێیک کراوەیە
دیسان دەنگێ بانگی کردم!؟
یاری غەم لەکۆڵدا بوو؟
ماندووی ڕێگا دڵنیا بووم
باروبنەم لەوێ دانا!!
بێ ڕاوستان چوومە ژووری
لە پەنجەرەی ژوورەکەوە
تیشکی هەتاو بزەی دەهاە!!
چاوم لێ کرد
چاوی ماندوو وەک چاوی تۆ
چاوەڕێم بوو!؟
زۆر نامۆ بوو!!
بەئاسیایی بەرەولای چووم،
هەتا دەهات بزەی هەتاو پتر دەبوو!
ئەمجار ئیتر ناسیمەوە
یاری هاتوو لە وڵاتی دوورە
ئەویش ماندووە،غەریب، تەنیا!
وەبیرم هات کە ئەمن و ئەو
لەمێژەیەکتر ناسینمان
بەقەرای عۆمری دنیا
هەم من، هەم ئەوە
هەردوو غەریب لەشاری خۆ!!
ئەمجا وا پرسیاری ئەمن ئیتر لەو بوو؟
مەگەر ئەوین شاری غەمە؟
بەدەنگێکی لەرزۆکەوە!
بەڵێ ئەوین شاری غەمە!!
لەوێ دلان، سەر بەتەم و پڕ ماتەمە
هەتا هەتا کە ڕۆژ دەهاتوو شەو دەچوو
حەساری بەینی ئێمە وا، نەوی دەبوو
وائێستە من لە گۆمی بێ بنی خەیاڵ،
لەبیری یار نۆقم دەبووم
وردە وردە ئێوارە هات
باڵی ڕەشی دەخستە سەر شەقام وشار
هەر دوو ماندوو
لەسێبەری باڵی شەوا خەومان لێ کەوت
لە خەونمدا پێیان گوتم:
سەدان ساڵە یاری غەریب
لەئاخرین شاری دڵت چاوەڕێتە
هەتا بیرم کا ئەو یارە هەر لای خۆمە
لە پەنجەرەی ژوورەکەوە بۆ دەڕوانم.
لێلایی شەوم لێ ون بووە
تیشکی هەتاو لە دەلاقەیپرتووکاوە
خۆی کردە ژووری ماڵەوە
ئەو جا ئێمە،
دەستەملانی یەکتر بووین و بەرەو وڵاتی ئازادی
هەڵفڕین و ماڵاوایمان لە غەم کرد.



# شیٚعر

له نیشتمانی من
ڕۆژێ نییه
ئازادی نه‌خرێته به‌ند
ئه‌وین نه‌درێ له‌سێداره
و
ماچ
به‌تێزاب نه‌شۆرێت و
ئامێز
به‌ردباران نه‌کرێ
له خاکی من
ئازادی هه‌میشه دیل و
ماچ حه‌رام و
باوه‌ش گوناهێکی ئه‌به‌دییه.

٨ی پوشپه‌ری ١٣٩٨

چه‌ند تابلۆیه‌کی غه‌مگینه
ڕامانم به‌دیار وێنه‌که‌ت؟
نه کاروانی فرمێسکانم
نه هه‌نیسکی دواگریانم
پۆلای بێده‌نگیت ناشکێنن!
نه گوێ بیستی ده‌نگم ده‌بی و
نه‌ده‌ستم به ده‌ستت ده‌گات
له‌شه‌رحی حاڵی دڵیشم
هه‌ر مه‌پرسه ...
ژینی بێ تۆ
کاره‌ساته ..کاره‌سات!

سه‌رماوه‌زی ١٣٩٨

تریفه فه‌تحی



# ڕاگەیەنراوی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی لە ئێران

ڕۆژی ٣٠ جۆزەردان، ڕێکەوت لەگەڵ ٢٠ی مانگی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە کرێکارانی بەندکراو و زیندانیانی سیاسی لە ئێرانە کە لە سایەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی هەر ئێستا بە سەدان چالاکی سیاسیو کرێکارییو هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی ژنان لە سیاچاڵەکانی ڕژیم بەندکراون.

کۆماری ئیسلامی کە هەر لە ڕۆژانی یەکەمی بەدەسەڵات گەیشتنی کەوتە سەرکوتی جیابیران، لەماوەی زیاتر لە چوار دەیە حوکمڕانی لە ئێران بە هەزاران هەڵسوڕاوی سیاسیو کرێکارییو داکۆکیکاری مافەکانی ژنانی بە تۆمەتی جیاجیا ڕەوانەی زیندانەکان کردووەو بە سەدان کەسیش لەژێر ئەشکەنجە و حوکمی سێدارەی ئەو ڕژیمە گیانیان بەخت کردووە.

کوردستان کە هەمیشە و لەهەموو قۆناغە مێژووییەکان دژی داگیرکاریو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە، چالاکوانانی سیاسی، کرێکاریی، مەدەنیو هەڵسوڕاوانی بواری ژنانو ژینگەپارێزان بە ڕوانگەیەکی "ئەمنیەتی"تر و بەحوکمی پاکتاوکردنی هەر جۆرە شوناسێکی کوردبوون ڕووبەڕووی گرتنو ئەشکەنجەو ئێعدام بوونەتەوە. بێ هۆ نیە کە تا ئێستاش لە ئێراندا بۆ نەتەوەکانی ژێردەست، لەوانە کورد بەزۆرینە ئێعدامی سیاسی بوونی هەیە و هەڵسوڕاوانی سیاسی لەدار دەدرێن.

حوکمی لەناوبردنی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامی کە لەهەموو سەردەمێکدا مەتەرێزی خۆڕاگریو خەبات دژی دیکتاتۆری بووە، تەنیا بۆ کپکردنی دەنگی ڕەوای چالاکوانانی سیاسیە نەبووە و نیە، بەڵکو کوژرانی کۆڵبەران، لەناوبردنی ژینگە و سامان و بەدواکەوتوویی هێشتنەوەی کوردستان، لەباربردنی شوناس و زمان و تەنانەت تیرۆری چالاکانی سیاسی لەناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش، بەشێک بۆ لە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد و ماف و ئازادییەکانی کە چالاکوانانی ئەو ڕێگایە قوربانی سەرەکی ئەو سیاسەتن.

هەربۆیە ٢٠ ژوئەن، ڕۆژێکە بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی زیندانیانی سیاسی و هاوڕێیی لەگەڵ بنەماڵەکانیان و دەنگی داخوازی دایکانی دادخواز و هەموو گیانبەختکردووانی دەستی کۆماری ئیسلامی هەر لە کوشتاری دەیەی٦٠ تا سەرکوتی خەزەلوەری ٩٨. هەروەها مەحکوم کردنی سەرجەم تاوان و کوشتار و کپکردنی دەنگی ئازادیخوازی لە لایەن کۆماری ئیسلامی و لە بنەرەتیشدا لەناوچوونی ئەو ئیدیۆلۆژیە دیکتاتۆرە.

ئێمە وەک ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسی لە ئێران،

سیاسەتی سەرکوتو گرتنو راوەدونانی زیندانیان سیاسیو چالاکوانانی مەدەنی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەتوندی مەحکوم دەکەین. هەروەها دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی ئازادیخوازانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی کوردستان و بنەماڵەی زیندانیانی سیاسیو داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ دەکەین هەوڵەکانیان بۆ ئازادکردنی بێ مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی لە ئێرانو کوردستان لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بخەنەگەڕ.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات
١٩ی جۆزەردانی ١٣٩٩
١٩ی ژوئەنی ٢٠٢٠

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پێکهاتووە لە؛
- ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد
- یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان
- ڕێکخراوی ئافرەتانی خەباتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات
- یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

---

# کۆبوونەوەی بەرینی تەشکیلاتیی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان پاش کۆنگرەی ٥



لە ماوەی یەک حەوتوودا دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆبوونەوەی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی خۆی لە زەویە سپی، ئازادی و ئامیرییە و قەڵابەڕێوەبرد.

لە ڕۆژی شەممە ١٠ی جۆزەردانی ٩٩ی هەتاوی، تا سێ شەممە ١٣ی جۆزردان، کۆبوونەوەی بەرینی تەشکیلاتی بەڕێوەچوو.

لەو کۆبوونەوانەدا خاتوو "موژگان عەلیپور" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، باسێکی گشتی لەسەر کار و چالاکی و پرۆژە کارییەکان پاش کۆنگرەی ٥ی یەکیەتیی ژنان و ئەرک و ڕاسپاردەکانی پێشکەش کرد.

دواتر خاتوو "تامان محەممەدی" بەرپرسی بەشی تەشکیلات وێرای ڕێکخستنەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر سیستەمی کاری و شێوەی کاری تەشکیلاتی باس کرد.

جێی ئاماژەیە کە لەم کۆبوونەوانەدا ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، ڕەخنە و تێبینی، پێشنیار و پرسیاری خۆیان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کار و چالاکی ڕێکخراوەکەیان هێنایە گۆڕێ کە پرسیارەکان لە لایەن خاتوو موژگان عەلیپوورەوە وەڵام درانەوە.



# کۆبوونەوەی تەشکیلاتیی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات



## پێکهێنانی سیمینارێکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی سوئێد، بە بەشداریی موژگان عەلیپور سکرتێری گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣١ مەی ٢٠٢٠ زایینی، یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە سوئێد بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی یەکیەتیی ژنان بە گشتی و تاوتوێی کردنی ئاڵ و گۆڕەکانی دوای کونگرەی ٥ بە تایبەتی، کۆبونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆسکرتێری یەکیەتییەکەمان خاتوو موژگان عەلیپور بە بەشداری زۆربەی ئەندامان لە ڕێگای ئینتێرێت و ئۆنلاین پێکهێنا .



## کۆبوونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان_ کۆمیتەی ئاڵمان لەگەڵ بەڕێز شەهین زادئەحمەد، بەپرسی گشتی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ئاڵمانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی تاوتوێکردنی دوایین پێشنیارو پرسیارەکانی ئەندامانی خۆی لە وڵاتی ئاڵمان، کۆبوونەوەیەکی ئۆنلاینی لە ڕۆژی ١٠ی مای ٢٠٢٠ زایینی ( ٢١ی بانەمەڕ )، هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی دایک بە بەشداری بەرپرسی گشتی دەوەوەی وڵات بەڕێوەبرد.



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠-٠٥-٢٠٢٠ کۆبوونەوەیکی ڕاستەوخۆی ویدیوکال بۆ خاتوو شەهێن موودەرەسی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێس لەگەل ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە پێکهێندرا

لەم کۆبوونەویەدا بەڕێزیان ئاماژەی بە دوایین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان و بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنگرە کرد و باسی لە ئەرکی ئەندامان لە ڕاپەراندن و جێبەجێ کردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کاری کۆنگرە کرد و بەتایبەتی ئەرکی ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە ولاتی سوئیس،کرد.

# دەسپێکی تیمی کاریی
# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
# بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارە جیاجیاکانی
# تایبەت بە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵات

سەر لە بەیانی ڕۆژی سێشەممە ٣ی پوشپەری ٩٩ی هەتاوی، تیمی کاریی یەکیەتیی ژنان بۆ ئاگادار بوون لە دۆخی ژنان و لێکۆلینەوە لە دیارەدە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ئامادەبوونی ئەندامانی "تیمی کاری" و هەروەها ژنانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەستی بەکارەکانی کرد و لەوبارەوە کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا.

سەرەتا خاتوو سۆما حەکیم زادە بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و بەرنامەی کاری کۆڕەکەی باس کرد.

پاشان "خاتوو موژگان" عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژنان لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، بابەتێکی پێشکەش کرد و گوتی: ئەگەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕێگەی بە ژنان نەدا بێنە مەیدانی کاری سیاسی، بەجۆرێکیش هەوڵەکانی بۆهێشتنەوەی ژنان لە ماڵەوە ئەوەندە بەرنامە داڕێژراوبردە پێش کە بیکا بە کەلتوور و لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵی خۆی داوە.

کۆمەڵگەیەکیش کە مەیدانی گەشەی کۆمەڵایەتیی نەبێ و لە جیهانی دەورووبەری دوا دەکەوێ بێگومان بێهیوا و نائومێد دەبێ و کۆمەڵێک دیاردە تێیدا سەرهەڵدەدا.

خاتوو موژگان" لە درێژەی قسەکانیدا دا باسی ڕوانینی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی سەبارەت بەو ڕووداوانە کرد و گوتی: ڕێکخراوەکەمان بەدرێژایی تەمەنی و لە قۆناغە جیاجیاکان و بە هەر شێوەیەک کە گونجابێ، هەوڵی خۆی بۆ خرمەت کردنی پرسی ژنان داوە و ئێستاش لەسەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوامە و لەو سەردەمەش دا کە سوشیاڵ میدیا جیهانی بۆ بچوکتر کردووینەوە و دەتوانین ئاسانتر پێوەندی بگرین ئەوە دەرفەتەکە دەقۆزینەوە و ئاراستەی کار و چالاکییەکانمان زۆرتر ڕوو بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان درێژە دەدەین، بۆیە ڕادەگەیەنین کە ئەو تیمە کە زیاتر لە ٢ مانگە بە شێوەی بەردەوام لەسەر بابەتگەلی وەک زیندانیایی سیاسیی، خۆکوژی تەلاق، کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ژنکوژی، لەشفرۆشی، ئیعتیاد، ، نەخوێندەواری و هتد لێکۆڵینەوە دەکا ئەوڕۆ بەشێوەی فەرمی دەست بەکارەکانی خۆی دەکات.

خاتوو موژگان، لە کۆتاییدا سپاسی هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان، بەتایبەت تیمی کاری لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات کرد کە دڵسۆزانە بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکان هاوکاری دەکەن.

لە درێژی کاری ئەو کۆڕە تیمەکانی کاری هەرکام لەو بەشەی کە پێیان سپێردراوبوو و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردبوو باسێکیان پێشکەش کرد.

لە کۆتاییدا هەرکام لە میوانانی کۆڕەکە ڕاو بۆچوونی خۆیان بۆ باشتر کارکردنی ئەو تیمە باس کرد و کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.



# کتێب باشترین هاوڕێ

## یەکێک لە چالاکییە فەرهەنگییەکانی یەکیەتیی ژنان

دەسپێکی چالاکی "کتێب باشترین هاوڕێ" لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یەکەم چالاکی "کتێب باشترین هاوڕێمە"ی بەڕێوە برد.
سەرەتای کۆڕەکە فریشتە ئەسپەندار بەڕێوەبەری کۆرەکە وێڕای بەخێرهاتنی بەشدارن، سوودەکانی کتێب خوێندنەوە و ئامانج لەو دانیشتنەی زیاتر باس کرد.
دواتر خاتوو شەهلاکاوە بەرپرسی بەشی ئاموزش کورتەیەکی لەسەر شێوەی بەرێوەچوونی ئەم چالاکییە و مەبەست لێی باس کرد و ئاماژەی بەوەش کردکە کۆڕەکان بە پێی جۆر و بابەتی کتێبەکە دەگۆڕدرێن و لە شێوەی کۆنفرانس و هەڵسەنگاندن و موناقشەدا خۆدەبینێتەوە.
بڕگەی سەرەکی ئەو کۆڕە کە کێبڕکێ بوو لە نێوان دوو پەلی پێشمەرگە، بە وڵام و پرسیار لە "بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبی دێموکرات" دەستی پێی کرد و هەیئەتی چاوەدێر پێک هاتبوو لە بەڕێزان، خدیجە پوورمەند، سامانە فەقێ نەبی وشەهلاکاوە.
لە کۆتایی ڕێزلێنانی یەکیەتیی ژنان پێشکەش بە پەلی براوە "پەلی تایبەت" کرا.
جێی ئاماژەیە کە لە نێوان ئەم کێبڕکێیە بەشداران تێبینی و ڕوانینەکانی خۆیان سەبارەت بە بابەتەکە هێنایە گۆڕێ.







# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی ئۆنلاین بۆ ناساندنی ڕۆمانی «دایک»

کۆری کتێبی "دایک" لە نووسینی "ماکسیم گورگی" و وەرگێڕانی نەمر "کەریم حیسامی" بە شێوەی ئۆنلاین لە کانالّی تێلێگرامی یەکیەتیی ژنان بەڕێوەچوو.
فایلی دەنگیی ئەو ئەو کۆڕە لە گرووپی تێلێگرامی یەکیەتیی ژنان، بەردەستە.









لە درێژەی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕۆژانی ٧ تا ١١ی جۆزەردان بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، خولێکی سەرەتایی ڕاگەیاندنی بۆ کۆمەلێک لە کچان و ژنانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە کردوە.

خولێک بە سەر پەرستی
بەرێز "موسا باباخانی" بەڕێوەچوو:
لە چەند ڕۆژ کاری بەردەوام دا شێوازی پێگەیاندن و دەورەسەرەتاییەکان بۆ پێشکەشکارێکی سەرکەوتوو فێری بەشدار بووان کرا.